



**کۆنگرەی نەتەوەیی کورد** ٤



**پەیمانی لۆزان و چەند...** ٥




**ئەو چەمکانەی کە دەبێ...** ٨



**میسر لە یۆتۆپیای دوێنێ...** ٩



**مۆتەکەی میسری ئۆردۆغان** ١١

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــانی ئێـــران

ژمارە ٦١٠، سێشەممە، ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٢، ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

لە نێوان ژمارەی ٦٠٩ تا ژمارەی ٦١٠ی رۆژنامەی کوردستان گەلێك رووداوی خۆش و ناخۆش دڵی کۆمەڵگای کوردستانی هەم شاد کرد و هەم خەمبار. هەواڵی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەو هەواڵە خۆشانە بوو کە بوو بە هۆی خوشحاڵیی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر. بەڵام مخابن هەواڵی کۆمەڵکوژیی خەڵکی بێ تاوانی کوردستانی سووریە و هەواڵی لەدەستدانی دوو ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی، واتە کۆچی دوایی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی و مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەو هەواڵە ناخۆشانە بوون کە هەموو خەڵکی کوردی تووشی پەژارە و خەمێکی بێ پایان کرد. وەك رۆژنامەی کوردستان مزگێنی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە هیوابەخش دەزانین. تاوانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی کوردستانی سووریە مەحکووم دەکەین و خۆمان لە خەم و پەژارەی کۆمەڵگای فەرهەنگی و ئەدەبیی کوردستاندا بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو دوو ئەستێرە پرشنگدارە بە شەریك دەزانین.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### چەواشەکاری سەرۆک کۆماری نوێ

شەممەی رابردوو، رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرمیی دەسەڵاتی سەرۆك کۆماریی ئێرانی رادەستی حەسەنی رووحانی کرد و یەك شەممەی رابردووش، لە مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران حەسەنی رووحانی وەکوو سەرۆك کۆماری ئێران بە فەرمیی سوێندی خوارد. لە رێورەسمی سوێندخواردنەکەیدا نوێنەرانی مەجلیس، هەندێ لە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و نوێنەرانی هەندێ لە وڵاتانی بیانیش بەرچاو دەکەوتن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بوو ئامادەنەبوونی دوو سەرۆك کۆماری ئابڕوو زڕاوی پێش رووحانی بوو. سەرۆك کۆماری نوێ سوێندی خوارد پارێزگاری لە مەزهەبی فەرمیی وڵات، نیزامی کۆماری ئیسلامی و یاسای بنەڕەتیی وڵات بکات. سوێندی خوارد لە سەرەڕۆیی دوور بێت و ڕێز لە کەرامەت و ئازادی و مافی شارۆمەندی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیدا بگرێت. بەڵام پارێزگاری کردن لە مەزهەبی فەرمیی وڵات واتە شیعەی ئەسنا عەشەری، بە فەرمیی پێشێل کردنی مافی پەیڕەوانی مەزهەبەکانی دیکە لە وڵاتی ئێراندایە. پارێزگاری کردن لە نیزامی کۆماری ئیسلامی و یاسا بنەڕەتییەکەی، درێژەدانە بەو پێشێلکارییانەی لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندان و بە فەرمیی ناسینیەتی لە چوارچێوەی نیزامی دیکتاتۆریی ئێراندا. پارێزگاری کردن لە نیزامێکی دیکتاتۆر و دوورمانەوە لە سەرەڕۆیی لە خەیاڵیشدا رێك ناکەون و لەو کۆبەندە سەرنجڕاکێشەشدا رێزگرتن لە ئازادی و کەرامەت و مافی شارۆمەندان هەرگیز مسۆگەر نابێت. رووحانی بە رادەستکردنی پێرستی کابینەکەی بە مەجلیس هەوڵی خۆی دا بۆ ئەوەی رواڵەتێك لە بەناو شایستەسالاری و پێکەوەهەڵکردن و ئاشتەوایی باڵەکانی ناو دەسەڵات لە کابینەکەی نیشان بدات و دووهەمیش ئەوەیکە لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا هەوڵی چارەسەری قەیرانی ئابووری وڵات دەدات لە رێی شەفافییەت لە بەرنامەی ناوکیدا و درووست کردنی متمانەی نێونەتەوەیی. بەڵام بۆ هەموو کەس روونە کە هیچ ئاڵوگۆڕێك لە ئێراندا لە ئارادا نابێت مەگەر ئەوەی خامنەیی هەستی بە قووڵیی قەیرانی زاڵ بەسەر ئێراندا کردبێت و بیەوێ بە بێ ئەوەی ئاڵوگۆڕێك لە بۆچوون و سیاسەتەکانی بەرامبەر بە مەسەلەی ناوکیدا پێك بێنێ بە زمانێکی نەرمتر بەرامبەر لایەنەکانی دەرەوە بدوێ و تراویلکەی هیوایەك لای ئەوان درووست بکات تا بەمجۆرە کات بکرێت. لە نێوخۆی وڵاتیشدا و سەبارەت بە کێشە نێوخۆییەکان، رەنگە یەك کاسەییەك لە نێوان لایەنەکانی ناو دەسەڵات بە ناوی ئاشتی میللی پێك بێنێت، بەڵام ئەم ئاوانس دانە بە باڵە سیاسییە پێك ناکۆکەکان چارەسەری کێشەکانی خەڵك ناکات و رووحانی بۆخۆی نە بڕیاردەرە و نە هیچیشی پێدەکرێت، مەگەر ئەوەی خامنەیی هەستی بەو دوو گرینگییە کردبێت.

# کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، مزگێنیی یەککگرتوویی، ئاشتی و پێکەوەژیان



زنجیرە دانوستانەکانی حیزبە کوردستانییەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کـورد لـە هـەرێمی کـوردسـتـان دەسـتـی بە کارەکانی کرد و لیژنەیەك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە سەرپەرشتیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لـە دانیشتنی کـرانـەوەی ئـەم کۆنگرەیەدا بەشداریی کرد.

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٢ی هـەتـاوی لـە شـاری هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان، دانیشتنێك بە دەسپێشخەریی "مەسعوود بارزانی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کـوردسـتـان، بـە مەبەستی بـاس و وتووێژ لەمەڕ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و دیاریکردنی ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەریی ئەم کۆنگرەیە بەڕیوە چوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ئەم دانیشتنەدا بە پێشکەشکردنی لێدوانێك، ئامانج لـە بـەڕێوەبردنـی ئـەم کۆنگرەیەی گەیشتنی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە ئیستراتیژی و ئاخێوێکی نەتەوەیی هاوبەش بۆ بەدواداچوونی داخـوازی و ئامانجەکانی نـەتـەوەی کورد و گـەیـانـدنی پـەیـامـی ئـەم نـەتـەوە لەسەر بنەمای ئاشتی، بەرابەری و پێکەوەژیان بە نەتەوەکانی دیکە راگەیاند. پاشان نوێنەرانی حیزبەکانی هـەر چـوار پارچەی کوردستان ویڕای بە گرینگ وەسفکردنی پێکهێنانی ئەم کۆنگرەیە، روانگە و بیر و بۆچوونەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هەلومەرجی هەر چوار پارچەی کوردستان دەربڕی.

لەم دانیشتنەدا لیژنەیەکی ٢١ کەسی لە ژێر ناوی "کومیتەی ئامادەکار" هەڵبژێردرا تا بـواری بەستنی کۆنگرەکە لـە ماوەی مانگێکدا خۆش بکەن. لە دانیشتنەکانی دواتردا بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ئامادەکار، لە کۆی ٢١ کورسی، ٥ کورسی بۆ کوردستانی ئێران تەرخان کرا کە نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێك لەو پێنج نوێنەرە بوو. هەروەها بڕیار درا کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ٢ی خەرمانانی ئەمساڵدا بەڕێوە بچێت.

## توندتربوونەوەی گەمارۆکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی

مەجلیسی نوێنەرانی ئامریکا گەڵاڵەی توندتر بوونەوەی گەمارۆکانی دژ بە ئێران بە پەسەند گەیاند.

٤٠٠ نوێنەر دەنگی ئەرێنییان بەم گەڵاڵەیە داوە و لە بەرامبەردا ٢٠ نوێنەر دەنگی نەرێنییان داوە. بە پێی ئەم گەڵاڵەیە، ئامریکا کڕیارانی نەوت لە ئێران ناچار دەکات لە ماوەی ساڵێکدا لە کۆی هاوردەی نەوتی خۆیان، رۆژانە یەك ملیۆن بەرمیل کەم بکەنەوە.

ئەم کردەوەی مەجلیسی نوێنەرانی ئامریکا تەنیا چەند رۆژ پێش هاتنەسەرکاری حەسەن رووحانی رووی دا. ئەم گەڵاڵەیە دەبێت بە پەسەندی سێنای ئامریکاش بگات و باراك ئۆباماش واژۆی بکات.

هـەروەها رۆژی ١٣ی گـەلاوێژ هاوکات لەگەڵ بە رادەستکردنی دەسەڵات بە حەسەن رووحـانـی لـە لایـەن رێبـەری رێژیمەوە، ٧٦ نوێنەری سێنای ئامریکا لە نامەیەك بۆ باراك ئۆباما، خوازیاری توندتر بوونەوەی گەمارۆکان دژی ئێران بوون.

ئـەم نـوێـنـەرانـە لـە نـامـەکـەی خۆیاندا نووسیویانە تا کاتێ کە پێشکەوتنی بەرنامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی رانەوەستێ، گوشاری ئامریکا بۆ سەر ئەم وڵاتـە دەبێ زیاد بکرێ و ئەگەری بەکارهێنانی بژاری سەربازی بۆ راوەستانی ئەم پرۆگرامانە دەبێ بەهێزتر بێت.

پێش لـەمـە، هەواڵنێریی رۆیـتـرز بڵاوی کردبووەوە کە وڵاتانی چین، هێند، ژاپۆن و کۆریای باشوور، کە لە هاوردەکەرانی گەورەی نەوتی خاوی ئێرانن، لە ژێر گوشارەکانی ئامریکا و بەسەرنجدان بە کێشەکانی ئەم هاوردەکردنە، لە نێوان مانگەکانی ژانویە تا ژووەنی ئەمساڵدا، کڕینی نەوتی خۆیان لە ئێران بە رادەی یەك لە پێنج دابەزاندووە و ئەگەری ئـەوە هەیە ئەم رادەیـە لە ژێر گوشارەکانی ئامریکادا کەمتریش ببێتەوە.

## دادگایی کردنی ئەندامانی حیزبوڵڵا لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا بە تۆمەتی تیرۆری حەریری

دادگایەکی نێونەتەوەیی لە لاهە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا ٤ کەس لە ئەندامانی حیزبوڵڵای لوبنان بە تۆمەتی بەشداری لە تیرۆری رەفیق حەریریدا دادگـایـی دەکـات. رۆژی هەینی، ١١ی گـەلاوێژ، راگـەیـەندرا کە دادگایەکی تایبەتی پێراگەیشتن بە تیرۆری رەفیق حەریری، سیاسەتڤانی هەڵکەوتوو و سەرۆك‌وەزیرانی پێشووی لوبنان، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا کارەکانی خۆی دەست پێدەکات.

رێـکـخـراوی نـەتـەوە یـەکـگـرتـووەکـان لەسەر داوای دەوڵەتی لوبنان، دادگایەکی نێونەتەوەیی پێك هێناوە کە ٤ کەس لە چالاکانی "حیزبوڵڵا" دادگایی دەکات کە بریتین لە: مستەفا بەدران (٥١ســاڵان)، سەلیم عـەیـاش (٤٨ســاڵان)، حوسێن عەنیسی (٣٨ســاڵان) و ئەسەد سەبرا (٣٥ســاڵان). ئـەم کەسانە تۆمبەتبارن کە لە تیرۆری رەفیق حەریریدا دەستیان بووە.

لە تەقینەوەیەکی گەورەدا کە رۆژی ١٤ی مارسی ٢٠٠٥ بەیرووتی هەژاند، رەفیق حەریری لەگەڵ ٢٢ کەسی دیکە گیانیان لە دەست دا.

دادگای ناوبراو لە یەکەمی مارسی ٢٠٠٩دا کارەکانی خۆی لە دەڤەری لاهەی هولەند دەست پێکرد و پاش مـاوەیـەك لێکۆڵینەوە لە ٣٠ی ژووەنـی ٢٠١١دا حوکمی دەستبەسەرکردنی تۆمەتبارەکانی دەرکرد.

حیزبوڵڵای لوبنان دادگای ناوبراو بە درێژەی پیلانێکی ئیسرائیلی ـ ئامریکایی دەزانـێ و ئامادە نییە ئەو ٤ تۆمەتبارە رادەستی دادگا بکات. ئەم دادگـا جینابییە لە جۆری خۆیدا یەکەمین دادگـایـە کـە بـە بێ ئامادەبوونی تۆمەتباران و تەنیا بە ئامادەبوونی پارێزەرانیان رەوتی دادگایی کردنەکە دەپێوێ.

شـایـانـی بـاسـە کـە یـەکـیـەتـیـی ئۆرووپا لـەم دوایـیـانـەدا لقی سـەربـازیـی حیزبوڵڵای لـوبـنـانـی هـاویـشـتـۆتـە نـێـو لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ کۆمکوژیی خەڵکی کورد لە کوردستانی سووریە

هاووڵاتییانی بەڕێز،
ئۆگرانی مافی مرۆڤ،
ماوەیەك لەمەوبەر لە سووریە، بەرەیەکی سەر بە رەوتی بناژۆخواز و توندڕەوی ئیسلامی جیهادی، لە دژی هێزە کوردییەکان پەنای بردە بەر بنەما ئایینییەکان و فتوای جیهادی دژ بە نەتەوەی کورد لە کوردستانی سووریە دەرکرد و بەپێی فەتواکەیان خوێنی پیاوی کورد و هەروەها ژن و ماڵ و منداڵیان بە حەڵاڵ بۆ تیرۆریستەکانیان ناو برد و هێرشێکی دڕندانەیان دژ بە نەتەوەی کورد و خەڵکی ئاسایی و بێچەك و بێپەنا دەست پێکرد.

لە درێژەی ئەو شەڕە جیهادی و بەناو موقەدەسەدا و لەژێر ناوی ئایینی ئیسلامدا، چەکدارانی سەر بە رەوتە توندئاژۆکان، دەستیان دایە کۆمەڵکوژی و لە چەندین شوێنی کوردستانی سووریە وێڕای بە بارمتەگرتنی خەڵکی ئاسایی و ژن و منداڵی کورد، چەندین تاوانی دژەمرۆییشیان خولقاند و خەڵکی چەند گوندیان بە تێکڕا تیرباران کردووە و کوشتاری بەکۆمەڵیان وەڕێ خستوە کە تاوانەکانی هێزەکانی رێژیمی خومەینی دوای دەرکردنی فەرمانی جیهاد بە دژی کوردمان وەبیر دێنێتەوە.

کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان،
لە کاتێکدا کە هێندێك لە رەوتە بناژۆییەکانی سەلەفی جیهادی لە سووریە تاوانی لەو شێوە دەرحەق بە نەتەوەی کورد بەڕێوە دەبەن، بێدەنگ بوون لە بەرامبەر ئەو رەشەکوژی و تاوانی شەڕەدا، سیمای لایەنگری لە تاوان بە خۆوە دەگرێ و داواکارین کە وێڕای مەحکووم کردنی ئەو تاوانانە، یارمەتیی مرۆیی خێرا بەو خەڵکە بگەیەنرێ و لە بەرامبەر تیرۆریستان و تاوانباراندا پشتیوانی لە خەڵکی بێ تاوانی کورد لە سووریە بکرێ.

هەروەها وەبیری هێزە کوردییەکان لە کوردستانی سووریە بە تێکڕا دێنینەوە کە دوژمنی کورد یەکگرتوو و یەکدەستە و تەنیا بەتاوانی کورد بوون دەیانکوژێ و بۆیە داوا لە هەموو هێزە کوردییەکان دەکەین کە بە قبووڵ کردنی یەکتر و بە هاوئاهەنگی و هاوکاریی بەڕێز و حورمەتی یەکسان و هاوتاوە، بۆ پاراستنی گەلەکەمان لە کوردستانی سووریە و بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە هەنگاو هەڵبگرن، ئەم رووداوانە نیشانیان دا کە لە پرش و بڵاوی و قبووڵ نەکردنی یەکدیدا، تەنیا دوژمنان قازانج دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٢
٣ی ئووتی ٢٠١٣

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆچی دوایی شاعیری ناوداری کورد شێرکۆ بێکەس

هاونیشتمانە بەڕێزەکان !
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان !
رۆژی یەکشەممە ١٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٤ ئاگۆستی ساڵی ٢٠١٣ی زایینی بەداخەوە دڵی گەورە و پڕ لە ئەوینی شاعیری ناوداری کورد شێرکۆ بێکەس لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی سوئید لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان و لە ئۆگرانی شیعر و ئەدەبی کوردی و بەگشتی لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد کرد.

لەدەستچوونی شێرکۆ بێکەس وەك بلیمەتێکی ئەدەبی کوردی و شاعیرێکی ناسراو و ناوبەدەرەوەی کورد بێ گومان خەسارێکی گەورەیە لە سامانی ئەدەب و روناکبیریی نەتەوەی کورد و خەمێکی گرانە کە قورسایی خستە سەردڵی ئەوینداران و نیشتمانپەروەرانی کورد.

شێرکۆ بێکەس یەکێك لە کۆڵەکەکانی پاراستنی زمان و کولتوری کوردی و لە راستیدا ئاوێنەی باڵانوێنی شیعری هاوچەرخی کوردی و گەنجینەی بەنرخ وشە و پەیڤی رەسەنی کوردی و براوەی خەڵاتی ئەدەبی " تۆخۆلۆسکی" بوو. مامۆستا شێرکۆ بێکەس لە ژیانی فەرهەنگی و گۆڕەپانی شیعرو ئەدەبی کوردیدا سوارچاك بوو و لە مەودای تەمەنیدا چەندین دیوانی شیعری بەرهەم هێناوە کە دوا دیوانی شیعری "خێراکە مردن خەریکە بگا" بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەستچوونی مامۆستا شێرکۆ بێکەس بە خەسارێك بۆ سەرجەم رۆلەکانی نەتەوەی کورد دەزانێ و لەو بڕوایەدایە کە کەلێنی نەمانی ئەو شاعیرە گەورەیە لە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردیدا بە هاسانی پڕ نابێتەوە.

لە هەمانکاتدا بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شێرکۆ بێکەس سەرەخۆشی لە سەرجەم رۆڵەکانی نەتەوەی کورد، شاعیران و ئەدیبانی کورد و دۆست و ئاشنایانی و لە بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا شێرکۆ بێکەس دەکا و خۆی لەو خەمە گرانەدا بە شەریك و بەشدار دەزانێ و سەبووری بۆ هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازێ و لە یاد و یادگارە بەنرخەکانی رێزدەگرێ.
رۆحی شاد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٩٢/٥/١٤ هەتاوی
٢٠١٣/٨/٥ زایینی

## فەلەکەدین کاکەیی کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبیی کوردستانی عێراق کۆچی دوایی کرد

رێکەوتی ٩ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، فەلەکەدین کاکەیی کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و وەزیری پێشووی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستانی عێراق بە هۆی تێکچوونی کتوپڕی باری تەندروستی، لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

فەلەکەدین سابیر حموود ناسراو بە فەلەکەدین کاکەیی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە شاری کەرکوك لە دایك بووە و لە پۆستەکانی وەکوو ئەندام پارلمان، وەزیری رۆشنبیری و راوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرپرسایەتیی هەبووە.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسی شەشەمی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، رۆژی هەینی رێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز "محەممەد ساڵح قادری" ئەندامی کومیتەی ناوەندی، لە شەشەمین کۆنفرانسی رێکخستنی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە بەشداریی کرد.

شاندی پێوەندییەکانی حیزب لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا و شاندی حیزب پیرۆزبایی خۆی بەبۆنەی بەستنی کۆنفرانسەکەیان لەو یەکیەتییە کرد.

لەو کۆنفرانسەدا جێگری سکرتێری پارتی ناوبراو لەسەر شۆڕشی سووریە و بارودۆخی کوردەکان لەو بەشەی کوردستاندا باسێکی پەیوەندیداری پێشکەش کرد.

بەشێکی بەرچاوی حیزبە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون.

## رێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ٧ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو



رۆژی هەینی رێکەوتی ٤ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، رێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ٧ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی بەڕێز "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی و ژمارەیەك لە ئەندامانی رێبەریی حیزبی دێموکرات، نوێنەرانی رێکخراوەکانی لاوانی هەرچوار پارچەی کوردستان، ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٧ و ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، بەڕێوەچوو. رێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن "عەلی کەسنەزانی" ئەندامی دێرینی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە و دوابەدوای ئەوەش پەیامی کۆمیتەی گشتیی بەڕێوەبەری و دەستەی ئامادەکاریی کۆنگرەی ٧ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن "زەینی کوردستانی" ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییەوە خوێندرایەوە. دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن بەڕێز "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە خوێندرایەوە. بەڕێزیان لە پەیامەکەیاندا وێڕای دووپات کردنەوەی پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە یەکیەتیی لاوان، باسی رۆڵ و گرینگیی لاوانی لە هەر کۆمەڵگایەکدا کرد و وتی: "ئاواتەخوازین کە کۆنگرەکەتان لە بەجێ هێنانی ئەرکەکانی سەرکەوتوو بێ و بەڕێوەبردنی رێکوپێك و بەوەختی کۆنگرەکەتان دەرخەری باوەڕی راستەقینەتان بە دێموکراسی و پێداچوونەوە بە کاروباری رابردوو و دارشتنی پلان بۆ داهاتوو و دەستنیشان کردنی رێوشوێنی گونجاوتر بۆ بڕینی مەودای گەیشتن بە ئامانجەکانتانە. کۆنگرەکەتان لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچێت کە رووداوەکانی ناوچە و ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان، شوێندانەریی لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵکی ناوچەکە و کوردستان بەتایبەتی داناوە، بۆیە لەم کاتە هەستیارەدا رۆڵی لاوان بۆ پێشخستنی خەباتی رەوای گەلەکەمان زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە". لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا پەیامی خوشکە نەسرین قاسملوو، هاوسەری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە زمانی فارسی لەلایەن "لەیلا محەممەدی"ەوە خوێندرایەوە. لە بەشێکی پەیامی خوشکە نەسریندا هاتبوو: "لە ئێستادا میلیۆنان هاووڵاتیمان لە هەژاری و نەداریدا دەژین و رێژیمە دیکتاتۆرەکانی وڵاتەکەمان دیانهەوێ پێش بە خەباتی گەلەکەمان بگرن، بەڵام خەباتی گەلی کورد بەردەوامە و درێژەی بە شۆڕشی گەورەی خۆی داوە و ئێوەش وەکوو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ هێنانەدی و جێگیر کردنی ئازادی و دێموکراسی خەبات دەکەن". پاشان پەیامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەلایەن "سۆران باریکە"ەوە خوێندرایەوە و پەیامی کرمانج یوونس نوێنەری رێکخراوی نێودەوڵەتیی تۆڕی جیهانیی لاوانی ئاشتیپارێز، بەبۆنەی کردنەوەی کۆنگرەی ٧ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەلایەن ناوبراوەوە پێشکەش کرا. دواتر پەیامی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیالیست لەلایەن "رۆژین ئەشرەفی"یەوە خوێندرایەوە و لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمەدا پەیامی لاوانی کوردستانی باکوور لەلایەن "ئازا دیار"ەوە پێشکەش کرا. پەیامی فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی لاوانی کوردستانی ئێران لەلایەن "سەید جەلال ساڵحی" سکرتێری گشتیی ئەو فیدراسیۆنەوە خوێندرایەوە. پاشان پەیامی لاوانی کوردستانی باشوور لەلایەن "سامان قەرەچۆغی"یەوە پێشکەش کراو و دوابەدوای ئەوەش پەیامی لاوانی کوردستانی رۆژئاوا لەلایەن "سیپان زوبێر"ەوە خوێندرایەوە. هەروەها کۆمەڵێك پەیام و برووسکەی پیرۆزبایی بە دەستی کۆمیتەی ئامادەکاری گەیشتبوون. پاشان کۆنگرەکە لە لەژێر ناوی کۆنگرەی "دەرخستنی تواناکان" و لەژێر دروشمی "خۆسازدان بەرەو دوارۆژێکی روون"، دەستی بە کارەکانی کرد و ئێوارەی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٨ی گەلاوێژ، پاش ٤ رۆژ کاری بەردەوام بە هەڵبژاردنی بەڕێوەبەریی نوێ سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا. ئەندامانی بەشداری ٧مین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە دوایین رۆژی کاری کۆنگرە لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیدا لەنێو کاندیداکانی خوازیاری بۆ بوونە ئەندامی بەڕێوەبەریی نوێی یەکیەتیی لاوان، بەڕێوەبەریی رێکخراوەکەیان هەڵبژارد.

لەم بەشە لە کاری کۆنگرەدا سیستەمی کۆتا بۆ کچانی ئەندام لە کۆنگرەدا پێڕەو کرا کە کچان توانییان بە رادەیەکی بەرچاو لە بەڕێوەبەریی لاواندا جێ بگرن. پاشان لە یەکەمین کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ٧دا، بەڕێز "فواد خاکیبەیگی" بۆ جارێکی دیکە وەکوو سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا.

**بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## چالاکێکی کرێکاری لە شاری سنە ١٨ مانگ زیندانی بەسەردا سەپا

کۆمیتەی هاودەنگی بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان بڵاوی کردەوە، غالب حوسێنی لەلایەن دادگای "ئینقلاب"ی شاری سنەوە ساڵێك و شەش مانگ زیندانی بە سەردا سەپا. غالب حوسێنی چالاکی کرێکاری لەلایەن دادگای رێژیمەوە لە دوو حوکمی جیاوازدا زیندانی بەسەردا سەپاوە. ئەو چالاکە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن بە یەك ساڵ زیندان و بە تاوانی پڕوپاگەندە بەدژی "نیزام" شەش مانگ زیندانی بەسەردا سەپاوە.



غالب حوسێنی رێکەوتی ٢٩ی رەشەممەی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی رێژیمی ئێرانەوە لە شوێنی کارەکەی لە سنە دەستبەسەر کرابوو.

## لە شاری بۆکان داوا لە فەرمانبەران کراوە کە بە مەبەستی شەڕ بچنە سووریە

ئیدارەی موخابەراتی شاری بۆکان بە ژمارەیەك لە فەرمانبەرەکانی وتووە، پێویستە بە مەبەستی پشتیوانی لەبەشار ئەسەد بچنە سووریە. ئەو داواکارییە لەلایەن ئیدارەی موخابەرات و سپای پاسدارانەوە لە کارمەندانی بەسیجی کراوە، بەڵام ژمارەیەك لەو کارمەندانە کە ناویان لە بەسیجدا نووسیوە، وتوویانە: ئامادە نین ئەو کارە بکەن.

بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئیدارەی موخابەرات بە فەرمانبەرە بەسیجییەکانیانی راگەیاندووە، ئەگەر بێت و سەرپێچی لەو بڕیارە بکەن، لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن. سەرچاوەکە ئەوەشی خستە روو کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو داواکارییە ئیدارەکانی دیکەی شاری بۆکان بگرێتەوە.

## لە چەندین ئاوایی مەهاباد دەست و پێوەندییەکانی سپای پاسداران سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی مادە سڕکەرەکانن



لە گوندەکانی ناوچەی شارویرانی شاری مەهاباد "قەرەقشڵاق، دارەلەك، کۆسەکەرێز و قزڵقۆپی" ژمارەیەك لە دەست و پێوەندییەکانی سپای پاسدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دووکانیان لەژێر ناوی "کافەتریا"دا کردوتەوە و لەوێدا خەرێکی کڕین و فرۆشی مادە سڕکەرەکانن. بە وتەی کەسانی ئاگادار و خەڵکی ئەو ناوچەیە، ئەو دووکان و کافە تریانە لەلایەن کەسانی سەر بە سپای پاسدارانەوە کراونەتەوە و لەو رێگایەوە سەرقاڵی بەلاڕێدابردنی بیر و هۆشی لاوانی ئەو ناوچەیەن. لەلایەکی دیکەوە ماوەیەکە وەرزێڕانی ناوچەی شارویران لەگەڵ دڵەڕاوکێی دزینی سیم و کابڵی ماتۆرخانەکانیان بەرەوڕوون. ماوەی چەند مانگە لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە کابڵ و سیمی بەرقی ماتۆرخانەکانی ئاواییەکانی ناوچەی شارویران دەدزرێت و لەو پێوەندییەدا خەڵك داوایان لە ناوەندە پێوەندیدارەکان کردووە و بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکەن، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان وەرنەگرتووەتەوە.

## کانگایەکی زێڕ لە ناوچەی پیرانشار دۆزرایەوە

"شەبەکەی خەبەر"ی ئێران بڵاوی کردەوە، ئەو کانگا زێڕە کە لە ئاوایی خراپەی پیرانشار دۆزراوەتەوە، ١٩٦هەزار تۆن بەردی زێڕی بە عەیاری ١,٣٨ی تێدایە. ئاوایی خراپە سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشارە و بەپێی دوایین سەرژمێری زیاتر لە ٥٠ بنەماڵە تێیدا ژیان بەسەر دەبەن. پارێزگای ورمێ پلەی یەکەمی لە بواری کانگای زێڕ لە ئێراندا هەیە و لەو پێوەندییەدا هاووڵاتیان نارەزایەتیی ئەوەیان هەیە کە ئەو سامانە بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران سەرف دەکرێت. هەر لەو پێوەندییەدا دوو کانگای دیکەی زێڕ لە شاری تیکاب بوونی هەیە. کانگای زێڕی "ئاق دەرە" کە لەدوای کانگای زێڕی ئیسفەهان بە دووهەمین کانگای زێڕ لە ئێران دێتە ئەژمار و ساڵانە دوو تۆن و ٢٠٠ کیلۆگەرم زێڕی عەیار ٣گەرم لە هەر تۆنێکدا لێی بەرهەم دەهێندرێت. کانگای زێڕی "زەرە شوان"یش هەر لە تیکابە و نزیکەی ٧میلیۆن تۆن بەردی زێڕی بە عەیاری ٥ گرمی لە هەر تۆنێکدا تێدایە.

## دووکان و بازاڕەکانی شاری بانە بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بە بێ رێزی ئیرانسێل بە مەزهەبی سوننە داخران

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٩ی گەلاوێژ ژمارەیەك لە هاووڵاتیان و دوکاندارەکانی شاری بانە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سووکایەتی کردنی دەزگاکانی رژیم بە مەزهەب و باوەڕی خەڵك مانیان گرت و ئامادە نەبوون بچنە سەر کارەکانیان. ماوەیەك لەمەوبەر کۆمپانیای ئیرانسێل کە سەر بە سپای پاسدارانە، لە کێبەرکێیەکدا سووکایەتیی بە کەسایەتییەکی جێی باوەڕ و پەیڕەوانی مەزهەبی سوننی کردبوو و ئەو سووکایەتی کردنەی لە کورتەنامەدا بڵاو کردبووەوە.

## هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات، هاووڵاتییەکی کوردیان لە شاری شنۆ دەستبەسەر کرد

رێکەوتی ٨ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، "ئەبووبەکر مەعرووفی" کوڕی "حاجی قادر" لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری "شنۆ"وە، لەنێو ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کرا. ئەبووبەکر مەعرووفی لە کاتێکدا لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کراوە کە لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بێ‌حورمەتییەکی زۆر بە خۆی و بنەماڵەکەی کراوە و پاشان دەستبەسەریان کردووە.

## بنەماڵەی چالاکانی سیاسیی کورد لە شاری روانسەر، لەژێر گوشاری هێزەکانی رێژیمی ئێراندان

ماوەیەکە رێژیمی ئیسلامیی ئێران بە شێوەی بەردەوام و بە شێوازگەلی جۆراوجۆر، گوشاری بۆ بنەماڵەی چالاکانی سیاسیی کورد کە رۆڵەکانیان پەیوەست بە حیزبە کوردییەکان بوون، هێناوە. عادڵ مورادی، بەختیار نەزەری و فوئاد ئەنگوشتان، ناوی سێ چالاکی سیاسیی کوردە کە ماوەیەك پێش ئێستا بە دانانی بارمتەی ٥٠ میلیۆن تمەنی لە زیندانەکانی رێژیم ئازاد کرابوون، بەڵام هەنووکە لەلایەن هێزەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە گوشاریان بۆ بنەماڵەکانیان هێناوە و پێیان راگەیاندوون کە دەبێ رۆڵەکانیان لە نێو حیزبە کوردییەکاندا بگەڕێننەوە.

ئەم سێ هاووڵاتییە کوردە لە رێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩١ی هەتاوی، بەتۆمەتی پڕوپاگەندە لەدژی رێژیم و ئەندامەتی لە یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری روانسەرەوە دەستبەسەر و زیندانی کرابوون. ئیدارەی ئیتلاعاتی رێژیم لە شاری روانسەر، بە بنەماڵەی ئەو چالاکانەی راگەیاندووە، کە هەتا رێکەوتی ١٠ گەلاوێژ دەرفەتیان هەیە بچن و رۆڵەکانیان کە پەیوەست بە ریزی حیزبە کوردییەکانەوە بوون، بگەڕێننەوە و ئەگەر ئەو کارە نەکەن، بارمتە ٥٠ میلیۆنییەکەیان زەوت دەکرێت.

## مامۆستایانی پارێزگای ورمێ مووچەی مانگانەیان پێ نەدراوە

ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی پارێزگای ورمێ مووچەی مانگی پووشپەڕیان بە مامۆستایان و فەرهەنگییەکانی پاریزگای ورمێ نەداوە. هەر لەو پێوەندییەدا بەشی ئیداری ـ ماڵیی ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان بە مامۆستایانی راگەیاندووە کە بووجەیان لەبەر دەستدا نیە. ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی پارێزگای ورمێ تەنیا داهاتیان ئەو مووچەیەیە و زۆرجار ئەو پارەیەی کە وەریدەگرن بەشی خەرجی مانگانەیان ناکات. لەلایەکی دیکەوە مامۆستایانی "حەقولتەدریس"یش لەگەڵ ئەو کێشە بەرەوڕوون، هەرچەندە ماوەی چەندین ساڵە بەڵێنیان پێداون کە بەشێوەی فەرمی دادەمەزرێن، بەڵام تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ‌کردنەوە. هەروەها بڕیار بوو بۆ هەر مامۆستایەك بڕی ١٠٠ هەزار تمەن و بۆ هەر مودیرێکیش بڕی ١٥٠ هەزار تمەن پارە زیاد بکرێت، بەڵام ئەو مووچەیە لە فیشی مووچەی مانگانەیاندا زیاد نەکراوە.

## هێزە نیزامییەکان گیانی هاووڵاتییەکی مەهابادییان ستاند

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، رۆژی شەممە رێکەوتی ١٢ی گەلاوێژ بەهۆی وەرگەڕانی ماشینی ٢ برای مەهابادی، کەسیکیان بەناوی "خدر شامحەممەدی" کوڕی رەحیم دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

شایەتحاڵێك وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە بە هەواڵنێری کوردپای راگەیاند، هێزە ئینتزامییەکان تەنیا بە گومانی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ لە نزیك پردی "حاجی مامیان"ەوە هەتا گوندی "هەمزاوا" بەشوێن ئەو ماشینەدا رۆیشتوون و لە ئەنجامدا ماشێنی ئەو ٢ هاووڵاتییە کوردە وەرگەڕا.

ئەو شایەتحاڵە ئەوەشی خستەڕوو، یەکێك لەو دوو برایە کە تەمەن ٢٧ ساڵ بوو دەستبەجێ گیانی لەدەست دا و ئەو برایەی دیکەشیان رزگاری بوو.

ئەو دوو برایە خەڵکی گوندی "سیاقوڵی سەروو"ی سەربە شاری مەهاباد بوون.

بەپێی ئەو راپۆرتانەی بە ئاژانسی کوردپا گەیشتوون، ساڵانە دەیان هاووڵاتیی کورد تەنیا بەگومانی هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گوللە و گیان لەدەست ئەدەن.

هەر لەو پەیوەندییەدا رۆژی شەممە رێکەوتی ٥ی گەلاوێژ خوشك و برایەکی سەردەشتی، لە جادەی پیرانشار – سەردەشت و لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکاندا بوونە قوربانی.

هەروەها رۆژی هەینی رێکەوتی ٤ی گەلاوێژی ئەمساڵ هاووڵاتییەکی دیکە بەناوی "سالار فەخری" تەمەن ٣٠ ساڵ و کوڕی عەبدوڵڵا لە ناوچەی "نەڵۆس"ی سەردەشت بە دەستی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران گیانی لێ ئەستێندرا.

## چارەنووسی چالاکێکی مەدەنیی کوردی دەستبەسەرکراو ناڕوونە

بەپێی هەواڵی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان،"مادێح مورادی" خەڵکی ئاوایی "سەرهویە"ی سەر بە پارێزگای کوردستان ماوەی حەووتەیەك لەمەوبەر لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رێژیمەوە دەستبەسەر کراوە.

هەتا کاتی بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە، هۆی دەستبەسەرکرانی ئەو چالاکە نەزانراوە.

بنەماڵەی ئەم چالاکە مەدەنییە لە دەستبەسەرکرانی کوڕەکەیان نیگەرانن و لە هۆکار و شوێنی دەستبەسەربوونی لەلایەن هێزە ئەمنییەتیەکانی رێژیمەوە، ئاگادار نین.

لە سەرەتای مانگی پووشپەڕەوە هەتا ئێستا، ٣١ کەس لە هاووڵاتیانی کورد بە تۆمەتی جۆراوجۆری وەکوو ئەندامیەتی لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، چالاکی مەدەنی و "ئەمنییەتی" لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەستبەسەر کراون.

ژمارەیەك لەو دەستبەسەر کراوانە بە دانانی وەسیقە ئازاد کراون و ژمارەیەکی دیکەشیان هێشتا لە گرتووخانە و گرتنگەکانی ئیتلاعاتی رێژیم دان.

## باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، مێهدی خان باباخانی، باوکی مووسا باباخانی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، لە شاری کرماشان و لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد. مێهدی خان باباخانی ئەندامی بنەماڵەیەکی گەورە و بەناوبانگی ناوچەی کرماشان و سەحنە و هەروەها کەسایەتییەکی خوشناوی نێو خەڵکی ناوچەکەدا بوو.

## کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاری و کەسایەتییەکی خۆشناو

**دیواندەر:**

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، دایە مەعسوومە، دایکی شەهید حوسێن رەحیمی خەڵکی گوندی زاخەی خوارووی سەربە ناوچەی دیواندەرە بەهۆی رووداوێکی دڵتەزێن لە نەخۆشخانەیەکی شاری تەورێز ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

**مەهاباد:**

قادر شەریفی ئەقدەم ناسراو بە "قادری خاڵەی" کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری ناوچەی "مەحاڵی ئاختاچی"ی شاری مەهاباد، لەتەمەنی ٩٢ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.کاك قادر لە نێو خەڵکی مەهاباد بەتایبەت ناوچەی مەحاڵی ئاختاچی خۆشەویست و جێگای رێز بوو و بە بەردەوامی لاوەکانی لە بواری نەتەوایەتییەوە هان دەدا و بە ماف و ئەرکەکانی خۆیانی ئاشنا دەکردن. تەرمی کاك قادر بە بەشداری خەڵکێکی بەرچاو لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان بەخاك سپێردرا.

# کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

## لە وتوویژ لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا



وتوویژ: کوردستان

**پاش ساڵانێک چاوەڕوانی بڕیار وایە لە ٢ی خەرمانانی**

**لە مساڵدا،**
**یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە بەشداریی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێت. بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە و تاوتوێکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم کۆنگرەیە وتوویژێکمان لەگەڵ بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوە.**

**پ: لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، لە ئاستی هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بووەتە ڕۆژەڤی باسی میدیا کوردی و تەنانەت دەرەکییەکان. لەو پێوەندییەدا سەرەتا باس لەوە بفەرموون کە بیرۆکەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە و دەتوانێ چ ئاسەوارێکی هەبێت لەسەر دۆخی هەنووکەی نەتەوەی کورد؟**

**و:** بیرۆکەی یەکدەنگی و یەک ستراتیژیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە لە گۆڕێدا بووە و هەرجارەش بە جۆرێك هەوڵی بۆ دراوە بەڵام هەموو جارێ بە هۆی هەلومەرجی ناوچەیی و دۆخی کورد لە هەر پارچەیەك و پیلان و کارشکێنیی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا پەکی کەوتووە و سەرنەکەوتووە. تا ئەوەی لە دوو ساڵ بەر لە ئێستا جارێکی دیکە ئەو پێویستییە لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە هاتەوە گۆڕێ و هەوڵی بۆ درا و تا دەروازەی پێکهێنان نیزیك بوەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوجارەش لەگەڵ کەندوکۆسپ بەرەوڕوو بوو تا بەر لە دوو حەوتووی ڕابردوو دیسان بە داهێنان و هێنانەگۆڕی لە لایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانییەوە، ئەمجار بە لێبڕاوەییەکی زیاتر باسی لێکراو و لە نامەیەکدا کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ نزیك بە ٤٠ حیزب و ڕێکخراوی هەر چوار پارچەی کوردستانی نارد، داوای لێکردن کە هەموو لایەك لە کۆبوونەوەیەکی بەریندا بە ئامادەبوونی بەڕێزیان ئامادە بن. ئەوە بوو کە ئەم ژمارە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەر کام بە هەیئەتێکی دوو کەسی لە پلەی بەرزی حیزبی و ڕێکخراوەییدا سەعات ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٣١ی پووشپەڕ لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوون.

لەو کۆبوونەوەیەدا لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەلومەرجی پارچەکانی کوردستانیان باس کرد و هەلومەرجی گشتیی ناوچە و جیهانیان ئاماژە پێدا و لە ئاکامدا لەسەر پێویستیی پێکهێنانی یەکەم کۆنگرەی نەتەوەیی کورد هاودەنگ و هاوڕا بوون.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆدەنگی و پێویستییە بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، کۆبونەوەکە ساغ بۆوە کە بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی ٢١ کەسی وەك لیژنەی ئامادەکار پێك بێ کە ئەمەش بەڕێوە چوو. ئەوە کە ئەو کۆنگرەیە چ ئاسەوارێك لەسەر دۆخی کورد دادەنێ پێویستە بڵێم کە ناکرێ چاوەڕوانی موعجزەی لێ بکرێ، چون یەکەم تاقیکارییە، بەڵام بێگومان شوێندانەری لەسەر ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دادەنێ و پێوەندیی نێوان حیزب و لایەنەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، سالمتر و کەم کێشەتر دەکا.

لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا کێشەی کورد بە شێوەیەکی یەکدەنگ دەخاتە بەرچاو و جۆرێك لە پاڵپشتیی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ یەکتر دێنێتە کایەوە کە ئەوانە لە سەرەتای ئەو ڕەوتەدا دەکرێ بە ئەرێنی سەیر بکرێ.

**پ: شێواز و میکانیزمی بەشداریی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە پارچەکانی کوردستان لەم کۆنگرەیەدا بە چ شێوەیەکە و پشکی هەر پارچەیەکی کوردستان بەپێی چ پێوەرێك لەم کۆنگرەیەدا دیاریکراوە؟**

**و:** شێوازی دابەشکردنی ٢١ کەسەکە، بەمجۆرە بوو کە باکوور بە knkیەوە ٧، ڕۆژئاوا ٤، ڕۆژهەڵات ٥ کەس و باشووریش ٥ کەسی بەرکەوت. ئەوەی پێوەندی بە کوردستانی ئێرانەوە هەیە، ئەو ٥ کەسە لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا و بە بەشداری ٩ لایەن هەڵبژێردران. بەڵام لە پارچەکانی دیکە بە شێوازی دیکە دیاری کراون.

**پ: هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان و وردە حیزبەکان لە شێوازی دیاریکردنی نوێنەرانی پارچەکانی کوردستان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە میدیاکاندا ڕەخنەیان گرتووە، چۆن وەڵامی ڕەخنەی ئەم لایەنانە دەدەنەوە؟**

**و:** ئەوەی دەکەوێتەوە سەر شێوەی دیاریکردن لە کوردستانی ئێران دەبێ بڵێم دروستتر و لەبارتر لە هەڵبژاردن دەتوانێ چ بێ، بەڵام ئاساییە کە لە هەر هەڵبژاردنێکدا لایەنێك کە هەڵنابژێردرێ ناڕازی دەبێ، گرینگ ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکە سالم بووە و هەر ٩ لایەنی بەشداربوو ڕازی بوون بە هەڵبژاردن بێ، لە دەنگداندا و دەنگ وەرگرتن بەشدار بوون و تەنانەت بەشێك کە دواتر ڕایانگەیاند ناڕازین، پاش هەڵبژاردنەکە پیرۆزباییان لە هەڵبژێردراوان کردووە. ئەوەش کە پێوەندی بە پارچەکانی دیکەوە هەیە باشترە خۆیان شێوەی دابەشکردن یا دیاریکردنەکە باس بکەن.

**پ: ئەم کۆنگرەیە دەتوانێ تا چ ڕادەیەك کاریگەریی دابنێ لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی کورد لە نێو سنوورەکان و دەرەوەی سنوورەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان؟**

**و:** ئەو کۆنگرەیە یەکەم کۆنگرەیە کە پاش ئەو هەمووە ساڵە بەڕێوە دەچێ، بێگومان بێ کەموکوڕی نابێ، بۆیە ناکرێ چاوەڕوانییەکی ئاوا دروست بێ کە بەرهەمی زۆر گەورە و شوێندانەری ئەوتۆی لێبکەوێتەوە یا موعجیزە بکا. بەڵام لە نێوخۆی کورد و لە پارچەکانی کوردستاندا دەتوانێ ببێتە هەوێنی تەبایی و لێك نزیکبوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ئەو فەرهەنگە جێگیر بکا کە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکان لە هەر پارچەیەك لەگەڵ حیزب و لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕێگای دیالۆگ و بە شێوەیەکی سەردەمیانە چارەسەر بکرێ و شەڕی کورد دژی کورد بە کارێکی ناڕەوا دابنرێ. پاشان دەتوانێ جۆرێك لە پشتیوانیی کورد لە پارچەیەك لە کورد لە پارچەکانی دیکە زیاتر بکا و مەسەلەی کورد لە هەر پارچەیەك وەك بەشێك لە مەسەلەی کورد بەگشتی چاو لێبکرێ و کوردی هەر پارچەیەك لە ڕەوتی خەبات و پێوەندییەکانی خۆیدا بەرژەوەندیی خۆی لە زیان گەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی کوردی پارچەکانی دیکەدا نەبینێ.

لە دەرەوەی کوردستان کۆنگرە دەتوانێ حزووری کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بەرفراوانتر، یەکدەنگتر و یەکداخوازتر بکا و کوردی هەر پارچەیەك لەو کۆڕ و کۆمەڵانە و لە بیرورای گشتیدا سۆز و پشتیوانیی خۆی بۆ کوردی پارچەکانی دیکە نیشان بدا و نێو ماڵی کورد بە ڕێکخراو و تەبا دەر بخا.

**پ: پەیامی ئەم کۆنگرەیە چی دەبێت بۆ نەتەوەی کورد و وڵاتانی جیهان و بەتایبەت وڵاتانی دراوسێی کوردستان؟**

**و:** پەیام، پەیامی ئاشتی و پێکەوەهەڵکردن، تەبایی و دڵسۆزی نشیاندان بۆ هەموو کورد دەبێ. پەیامی بۆ بیروڕای گشتیی وڵاتانی جیهان و دراوسێکان ئەوە دەبێ کە کورد مێژوویەکی دوور و درێژی لە خەباتێکی خوێناوی هەیە، بوونی حاشای لێدەکرێ، مافی پێشێل دەکرێ، داخوازە ئینسانی و سیاسی و نەتەوەییەکانی بە توندی و بە سەرکوت، زیندانی و ئێعدام و تیرۆر وەڵام دەدرێتەوە و بەگشتی ڕەوایی خەباتەکەی دەخرێتە بەرچاو، بانگەوازی ژیانی سەردەمیانە و تۆلۆرانس لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەدا و ئاگاداریان دەکاتەوە کە کورد حەزی لە چارەسەرکردنی کێشەکانیەتی لە ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانەوە.

> **دابینبوونی مافە دێموکراتیك و نەتەوەییەكانی كورد بە زیانی هیچ گەل و وڵاتێك تەواو نابێ. بە پێچەوانە دەبێتە هۆی ئارامی و بەرەوپێشچوونی هەر وڵاتێك و تەنانەت ناوچەكەش. بۆیە پێویستە رووناكبیران و بیرورای گشتی لە هەموو وڵاتێك پشتیوانی لە كورد و داخوازییەكانی بكەن**

دابینبوونی مافە دێموکراتیك و نەتەوەییەکانی کورد بە زیانی هیچ گەل و وڵاتێك تەواو نابێ، بە پێچەوانە دەبێتە هۆی ئارامی و بەرەوپێشچوونی هەر وڵاتێك و تەنانەت ناوچەکەش. بۆیە پێویستە ڕووناکبیران و بیروڕای گشتی لە هەموو وڵاتێك پشتیوانی لە کورد و داخوازییەکانی بکەن، کورد هێرشی نەبردووەتە سەر هیچ نەتەوەیەك بەڵکوو هێرشی کراوەتە سەر، مافی کەسی پێشێل نەکردووە بەڵکوو مافی پێشیل کراوە. حەزی لە شەڕ و خوێنڕشتن نەبووە، بەڵکوو شەڕی بەسەردا سەپاوە و خوێنی ڕژاوە. پەیامێك کە ئەو ڕاستییە دەردەبڕێ لە ڕاستیدا سیمای ئینسانیی کورد دەردەخات.

**پ: ئایا ئەم کۆنگرە دوایین کۆنگرە دەبێت یان ئەوەیکە لە داهاتوو و ساڵانی داهاتووشدا بەردەوام دەبێ؟**

**و:** بەستن و پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیە لە هەلوومەرجی ئێستادا چەندە گرینگە ئەوەندەش بە دوادا هاتنی کۆنگرەی دیکەش دەتوانێ شوێندانەر بێ و بۆ هەر هەلوومەرجێك کۆنگرەی تایبەت پێك بهێنرێت، بۆیە هیوادارم ئەو کارە و ئەو پێویستییە لەم کۆنگرەیەدا سەرنجی پێ بدرێ.

**پ: میکانیزمەکانی ئیجرایی ئەم کونگرەیە چین؟**

**و:** تا ئێستا میکانیزمەکانی ئیجرایی ئەو کۆنگرەیە باسی لێ نەکراوە، بەڵام سروشتییە هەر کۆنگرەیەك کە پەیام و بڕیار و هەڵوێستی دەبێ پێویستە دامەزراوەی واشی هەبێ کە پاش کۆتایی کۆنگرە بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوونی ئەو مەبەستانە کاری بەردەوام بکات و ڕاپۆرتی کارەکان و ئاکامی تێکۆشانی بە کۆنگرەی دواتر بدا. کەم و کووڕییەکان دەستنیشان بکا و لەو تاقیکارییانە بۆ باشتر و شوێندانەرتر بەڕێوەبردنی کۆنگرەکانی دواتر کەڵکیان لێ وەربگرێ.

**پ: میکانیزمەکانی بەردەوامبوونی ئەم کۆنگرە و بەدواداچوونی داخوازییەکانی ئەم کۆنگرە لە وڵاتانی جیهان و بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە چۆن دەبێ؟**

**و:** وەك لە وڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد جارێ لەوبارەوە باس نەکراوە و چونکە ئەو بابەت و باسانە بەتایبەت بڕیاری کۆتایی بەدەست لیژنەی ئامادەکاری نییە، بەڵکوو ئەوە خودی کۆنگرەکەیە کە لەو بوارانەدا باس دەکا و بڕیار دەدا.

**پ: ڕۆڵ و پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەم کۆنگرەیەدا بەشدارن چۆن دەنرخێنن؟**

**و:** ئاساییە ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیەی بە باش نەزانیبا یا هەستی کردبا لەو کۆنگرەیە نەقشی بەرچاو و شوێندانەری نابێ، بەشداریی نەدەکرد. حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانیش هەر بەم جۆرە سەیری کۆنگرەکە دەکەن.

**پ: هەڵوێستی وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە لەم پێوەندییەدا چییە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە هەندێك لایەنی سیاسی وای لێکدەدەنەوە کە ئەم کۆنگرەیە دەسپێکێکە بۆ درووستبوونی کوردستانێکی یەکپارچە؟**

**و:** تا ئێستا بێجگە لە حکوومەتی تورکیا کە لە هەڵوێستی خۆیدا ئاواتی ئەوەی خواستووە کە ئەم کۆنگرەیە پەیامی ئاشتی پێ بێ، باقی حکوومەتەکانی دیکە بە فەرمی شتێکیان نەگوتووە، بێ گومان ئەگەر بە ڕواڵەت ناڕەزایەتیشیان دەرنەبڕیبێت لە واقعێدا پێی خۆشحاڵیش نین و دوور نیە بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تێکدان یا سەرنەکەوتنی هەنگاویش بنێ.

# پێوەندیی نێوان ئێران و ئەمریکا

ن: تۆماس ئێردبرینك
و: موعتەسەم نوورانی

تاران ـ ڕێبەری باڵای ئێران ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ئاوێکی ساردی بە سەر هەموو ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی ئەو دواییانەدا کرد کە بۆ دووبارە وەگەڕخستنەوەی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درابوون. وتی بۆ ئەوەی لە دانووستانەکاندا بگەنە هەر چەشنە ڕێککەوتنێك گەشبین نیم. ئەگەرچی لە سەر بابەتە گرینگەکان وەك کێشەی پرۆگرامی ناوکی و ئاڵۆزییەکانی سووریە، وتووێژی ڕەت نەکردەوە.

ڕۆژی یەکشەممە لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەبۆنەی تەواوبوونی، دەورەی سەرۆك کۆماریی مەحمود ئەحمەدی نژاد و کابینەکەی پێکهاتبوو، ئاغای خامنەیی وتی کە من لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا ئاکامێکی سودبەخشی بۆ ئێران بەدواوە بێ. هەروەها وتی ئەمریکاییەکان جێگای باوەڕ و متمانە نین. قسەی حیسابیان ناچێتە مێشکەوە، لە هەڵسوکەوتەکانییاندا سادق و دروستکار نین. ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە ئەمریکا لە سەر بنەمای وتووێژەکانی پێشویە، چونکە پێی وابوو ئەوان قسە و کردەوەیان یەك نییە، فێڵی خۆیان لە ژێرەوە هەیە و وەك ئەو کێشانەی لە عیراقدا هێشتوویانەتەوە.

حەسەن ڕووحانی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراو، کە ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ لە ئێران دەسەڵاتی سەرۆك کۆماریی بە دەستەوە گرت، لە کاتی ململانێی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆمارییدا زۆری پاساو هێنایەوە کە ئەگەر ببێ بە سەرۆك کۆمار هەم لە نێوخۆ و هەم لە سیاسەتی دەرەوەدا ئاڵوگۆڕ دەکات، وتی واباش بوو لەگەڵ "سەرۆکی ئاوایی" قسە کرابا، مەبەستی ئەوەبوو کە وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا گرینگی پێبدرێ، لە جیاتی قسەکردن لەگەڵ هاوپەیمانە ئورووپاییەکانی، لەگەڵ ئەمریکا دانوستان بکرێ. لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردن و دەست بەکاربوونی ئاغای ڕووحانی جیا لە دوو وڵاتی ئامریکا و ئیسراییل هەموو وڵاتانی جیهان بانگێشتن کرابوون.

دوو حەوتوو لەوە پێش، ١٣١ ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکا، نامەیەکیان واژۆ کرد کە ئەو نامە بە نوێنەرایەتی لە لایەن چارڵی دێنت، کۆماریخواز و نوێنەری پێنسیلوانیا و دەیڤید ئەی پڕایسی دێموکرات و نوێنەری کارۆلینای باکوور نووسرابوو، کە ئاراستەی سەرۆك ئۆبامایان کرد. لەو نامەیەدا سەرۆك ئۆبامایان هان دابوو، کە ئێستا ئاغای ڕووحانی بۆتە سەرۆك کۆماری ئێران، ئەو هەلە گونجاوە لەکیس نەدا و لە ڕێگای وتووێژ کێشەکان لەگەڵ ئێران چارەسەر بکا و پێوەندییان لەگەڵ بگرێ. هەرچەند بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێس پێیان وایە دەبێ گەمارۆی زیاتر بخرێتە سەر ئێران تا کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ئاوڕ لە دۆخی شپرزەی ئابووری وڵات بدەنەوە و لە بەرنامەی ناوکی واز بێنن، هەر ئەمش بوو بە هۆی ئەوەیکە لە حەوتووی ڕابردوودا کۆنگرێسی ئامریکا گەڵاڵەی نوێی گەمارۆکان دژ بە ئێرانی پەسەند کرد کە بە یەکێك لە توندترین گەمارۆکان لە ئەگەری پەسەندکردنیدا لە سێنا و واژۆکردنی لە لایەن باراك ئۆباماوە بە ئەژمار دێت.

> **بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێس پێیان وایە دەبێ گەمارۆی زیاتر بخرێتە سەر ئێران تا کاربەدەستانی ئەو وڵاتە ئاوڕ لە دۆخی شپرزەی ئابووری وڵات بدەنەوە و لە بەرنامەی ناوکی واز بێنن. هەر ئەمش بوو بە هۆی ئەوەیکە لە حەوتووی رابردوودا کۆنگرێسی ئامریکا گەڵاڵەی نوێی گەمارۆکان دژ بە ئێرانی پەسەند کرد**

بەڵام ئایەتوڵڵا خامنەیی کە بڕیاری کۆتایی وتووێژەکان لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە وتی، ئەمریکاییەکان لە لایەك بە ڕواڵەت بانگەشەی دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی ئێران دەکەن، لە لایەکی دیکەوە دەستییان کردوە بە گەمارۆی بەربڵاوی بانکی و نەوتییەکان لەسەر ئێران و لەگەڵ ئەو هەمووە ئاکارە دوژمنکارانەشیان، پێداگرن لەسەر ئەوە کە نابێ دوژمنایەتییان بکرێ.

حەمیدڕەزا تەرەقی، چالاکوانی سیاسیی نزیك لە ئاغای خامنەیی، باسی گەمارۆ ئابوورییەکانی کرد کە لەلایەن ئەمریکاوە بە سەر ئێراندا سەپاون، وتی: "نووسینی نامەیەك لەلایەن کۆنگرێسی ئامریکاوە بۆ سەرۆکی ئەو وڵاتە بە تەنیا بەس نییە. ئەوان بۆ نیشاندانی نیازپاکی دەبێ دەست بکەن بە لابردنی گەمارۆکان. کە ئەوە دەتوانێ چراسەوزێکی ڕاستەقینە بێ بۆ چارەسەری کێشەکان".

ئاغای خامنەیی و دەوروبەر و لایەنگرەکانی، زۆر جار خوازیاری ئەوە بوون کە ئەمریکا بۆ نیشاندانی نیازپاکی، دەست بکا بە لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان و قەرەبووی هەموو ئەو زیانانە بکاتەوە کە بە ئێرانی گەیاندووە و دان بە هەڵە مێژووییەکانیدا بنێ، وەك، کودتای موهەندیسی کراو لەلایەن ئەمریکاییەکان لە ساڵی ١٩٥٣دا و بەردانەوەی فڕۆکەیەکی مەدەنیی ئێران لە ساڵی ١٩٨٨دا. کەسانی نزیك لە خۆیان وتییان، ئاغای خامنەیی کە لە ساڵی ١٩٨٩ەوە بۆتە ڕێبەری باڵای ئێران، ڕێگای داوە، لەسەر هێندێك ڕێککەوتنی نهێنی و ڕامیاری وتووێژ بکرێ کە بریتین لە پشتگیری و زانیاری دان بە بەرەی شەڕی دژی تاڵەبان کە لە ساڵی ٢٠٠١دا ئەمریکا لە ئەفغانستان بەڕێوەی دەبرد و دامەزراندنی دوو دەوڵەتی ئەفغانستان و عێراق.

ڕۆژی یەکشەممە ئاغای خامنەیی جەختی لەسەر قسەکانی کردەوە کە ئێران ئامادەیە لەگەڵ جیهان هەڵسوکەوت بکا، ئەوە یەکێك لە بەڵێنە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماریی بوو کە لەوێدا ئاغای ڕووحانی پەیمانی دا. بەڵام ئاغای خامنەیی وتی: "ئەگەر هەڵسوکەوتەکان لەگەڵ جیهان مەبەست ئەوە بێ کە ئێمە لە ئامانجەکانمان پاشەکشە بکەین ئەو تێکشکانی ئێمەیە."

یەکێك لە نزیکانی سەر بە باڵی ئاغای ڕووحانی کە سەبارەت بەو وەزعە قسەی کرد، بە هۆی هەستیاریی باسەکە نەیویست خوی بناسێنێ، وتی کە پێی وابوو قسەکانی ئاغای خامنەیی بۆ پشتیوانیی قسەکانی سەرۆك کۆماری نوێیە کە دەڵێ: "ئەوە ئاشکرایە ئێمە ئامادەین بو وتووێژ، ئەگەر لایەنەکەی دیکە ڕاقەی بکا کە ئاکامی ئەو جۆرە وتووێژانە چی دەبێ؟"

لە ئێراندا بە گوێرەی دەستوری بنەڕەتی وڵات، ڕێبەری باڵا سیاسەتی سەرەکیی ئەو وڵاتە دیاری دەکات و هەموو دەسەڵات لە کۆنترۆڵی ئەودایە. سەرۆك کۆمار ناتوانێ بڕیاری کۆتایی بدا. ئێران و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناکۆکیی زۆر گرینگیان پێکەوە هەیە. ڕەنگە چارە سەری ئەو کێشانە ئاسان نەبێ.

www.NYTimes.com

---

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### ڕووحانی و ساختەکردنی مەدرەکی زانستگایی

ڕۆژنامەی "هافینگتۆن پۆست"ی بریتانیا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر ساختەکاریی حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ئێران بڵاو کردووەتەوە. وتارەکە لە ژێر ئەم سەردێڕەدا بڵاو بووەتەوە: "ئایا سەرکۆماری ئێران لەمەڕ هەبوونی مەدرەکی دۆکتۆرا لە زانستگای لەندەن لە ساڵەکانی ١٩٨٠ تا ١٩٩٩ ساختەکاری کرد؟"

لە سەرەتای ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە حەسەن ڕووحانی لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەکی دیکەدا کابینەی خۆی بە مەجلیسی ڕێژیم دەناسێنێ و هاوکات ئەو پرسە زەق بووەتەوە کە ئەم سەرکۆمارە نوێیەی ئێران بەڕاستی کێیە و هەندێ بەڵگە خراونەتە ڕوو کە دەریدەخەن ناوبراو لەمەڕ بوونی مەدرەکی دۆکتۆراکەی درۆی کردووە و ئەمەش سەرنجی ڕاگەیێنە ئینگلیسی و جیهانییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. دواتر هاتووە کە: "بەپێی ئەو زانیارییانەی کە زیاتر لەم دواییانەدا بڵاو بوونەتەوە، دەردەکەوێ کە حەسەن ڕووحانی ـ پێش لەوەی مەدرەکی دۆکتۆرا بگرێ یان تەنانەت "فوق لیسانس"ی هەبێ ـ لە ١٩٧٩دا ئیدیعای کردووە کە دەرەجەی دۆکتۆرای لە زانستگای لەندەن وەرگرتووە. لە ٩ی مارسی ١٩٨٠دا، ناوبراو لە وتووێژێك لەگەڵ ڕۆژنامەی جومهوری ئیسلامی، یەکێك لە پڕتیراژترین ڕۆژنامەکان لە ئێراندا, وتوویەتی کە دۆکتۆراکەی لە بواری کۆمەڵناسی یاسایی لە زانستگای لەندەن وەرگرتووە. ڕۆژنامەکەی ئێران نوسیویەتی کە ئەو لە ١٩٧٩دا دۆکتۆراکەی گرتووە، واتە بیست ساڵ پێش لەوەی ڕووحانی بەکردەوە دەرەجەیەکی زانستگایی لە زانستگایەکی دیکە وەرگرت، زانستگای گلاسکۆ کالیدۆنییەن."

لە ڕاپۆرتەکەدا بەڵگە خراوەتە ڕوو کە ڕووحانی بۆ پێنج دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی ڕێژیم بەو جۆرە خۆی کاندیدا کردووە کە دۆکتۆرای هەیە و تەنانەت لە دەورەیەکیشدا بە درۆ ڕاگەیاندووە کە جگە لە دۆکتۆرا، مەستێرێکیشی هەیە.

دواتر پۆستەکانی ڕووحانی لەو ماوەیەدا یەك بە یەك ژماردووە و نوسیویەتی کە ناوبراو بۆ هەموو ئەو پۆستانە بە مەدرەکی ساختەوە کاری کردووە.

دواتر نووسراوە: "بەپێی بەندی ٥٢٧ی یاسای لێژنەی ئیسلامیی ئێران، هەر بەرپرسێك کە لە بارەی مەدرەکی فێرکارییەکەیەوە درۆ بکات، مەدرەکی زانکۆکەی ساختە بێت یان دەرەجەی ساختەی زانستگایی بۆ خۆی درووست بکات، لە یەك ساڵەوە بۆ ٣٦ مانگ مەحکووم بە زیندان دەبێ".

لە درێژەدا هاتووە: "سەرەڕای ئەمە، وێناچێ حکوومەتی ئێران حەسەن ڕووحانی لەبەر کارەکانی بە شایانی تۆمەتبارکردن بزانێ. ڕووحانی مەحرەمێکی حکوومەتییە، وەفادارییەکەی بە خومەینی و خامنەیی سەلماوە، لە سیستمی ئاخوندی قازانجی خۆی کردووە و لە لایەن شوورای سپاوە بۆ کاندیداتۆری سەرکۆماری پەسند کرابوو. دیسانیش، ساختەکردنی دەرەجەی دۆکتۆرا و خۆنیشاندانی وەکوو ڕووناکبیرێکی خوێندەوار لە سیستمی فێرکاریی لەندەن بێگومان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یارمەتیدانی ڕووحانی بۆ چوونەسەرەوە لە نەردیوانی سیاسی و تەنانەت بوونی بە سەرکۆماری هەڵبژێردراو گێڕاوە. زۆربەی خەڵکی ئێران گرینگی زۆر بە خوێندن دەدەن و ئەو کاندیدایانەیان لاپەسەندە کە مەدرەکی دۆکتۆرایان هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کە لەو بڕوایەدان سیستمی پەروەردەیان ڕووناکبیرانەترە."

سەرچاوە:
www.huffingtonpost.com

---

# پەیمانی لۆزان و چەند سەرەنجێك

هیوا میرزایی





پەیمانی سیڤەر یەکێك لەو دەگمەن پەیمانە نێونەتەوەییانە بوو کە کوردی وەك نەتەوەیەك بە فەرمی ناسی. ئەم پەیمانە ساڵی ١٩٢٠ دوای شەڕی یەکەمی جیهانی واژۆ کرا. پەیمانی سیڤەر پەیمانێکی ئاشتی بوو لە نێوان وڵاتانی فەرانسە، بریتانیا، ئیتالیا، ژاپۆن، بلژیك، ئەرمەنستان، ڕۆمانی، پورتەغال، چێکۆسلواکی کە لە ٤٢٢ مادده پێکهاتبوو. بەندەکانی (٦٢ـ٦٣ـ٦٤) دەربارەی مەسەلەی کورد و ناوچە کوردییەکان بوو و لەم پەیمانەدا بریتانیا دەیویست کە بەشی کوردستانی تورکیە جیا بکاتەوە و هەرێمی مووسڵیش بخاتە سەری و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. بەڵام سێ ساڵ دواتر واتە لە ڕێکەوتی ٢٤ی ٧ی١٩٢٣ لە ناوچەی لۆزان لە وڵاتی سوویس کونگرەیەك بەسترا بە مەبەستی ئاشتی نێوان تورکیە و یونان و پەیماننامەیەکی تێدا واژۆ کرا کە بە پەیمانی لۆزان بەناوبانگە و تێیدا ئەو بەڵێنەی بە کورد درابوو لە پێوەندی لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی پشتگوێ خرا و کورد بۆ جارێکی دیکەش بوو بە قوربانیی بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز و داگیرکەر. ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی پشتگوێ خرانی پەیمانی سیڤەر و لە دەرئەنجامدا پەیمانی لۆزانی لێکەوتەوە بریتی بوون لە: بەهێزبوونی کەمالییەکان (پێڕەوانی ڕێبازی کەمال ئاتاتورك)، گۆڕان لە سیاسەتی بریتانیا کە لە سەرەتاوە پشتگیری لە مافەکانی کورد دەکرد بەڵام دواتر وازی لێهێنا کە ئەمەیش دەرەنجامی لاوازیی سەرکردایەتی کورد و هەروەها بەهێزبوونی دۆستایەتیی نێوان ڕووسەکان و کەمالییەکان بوو. کە ترسێکی بۆ بریتانیاییەکان درووست کرد کە نەبا بیری کۆمۆنیستی بە هۆی دۆستایەتی نێوان یەکیەتی سۆڤیەت و کۆماری ئەو کاتی تورکیە لە ناوچەکەدا بڵاو بێتەوە. هەر بۆیە بریتانیا بە گۆڕان لە سیاسەتەکانی خۆیدا لەهەمبەر پرسی کورد هەوڵی دا کەمالییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. گۆڕان لە سیاسەتی یونان و هەروەها ترسی ئەرمەنییەکان لە درووست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. پەیمانی لۆزان دەریخست کە نەتەوەی کورد جیا لە توانا و هێزی خۆی و چیاکانی کوردستان هیچ پشتیوانێکی نیە و بۆیە خەباتی کورد بۆ گەیشتن بە مافە ئینسانییەکان و نەتەوایەتییەکانی ڕانەوەستا و خەباتی پڕشانازی و خوێناوی لە کوردستان دژی داگیرکەران تا هەنووکەیش هەر بەردەوامە.

لە سەردەمی ئێستادا کورد و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەبێ خوێندنەوەیەکی لۆژیکییان بۆ پرسی کورد هەبێ و بتوانن بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی و بە گوتارێکی هاوبەش پرسی کورد وەك نەتەوەیەکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەنە پرسێکی جیهانی و سەرەنج و پشتیوانیی زلهێزەکان بۆلای ئەم پرسە ڕابکێشن و بە یەکخستنی نێوماڵی کوردی دەرەتان بە دەسەڵاتداران و نەیارانی کورد نەدەن کە کەلێن بخەنە نێو ڕیزەکانی نەتەوەی کوردەوە.

ئەی ڕەنگی مەرگ!
ڕەنگی ژیان منی زۆرتر ترساندووە
نەك ڕەنگی تۆ، لێت ناترسم
چەند هێمنە، چەند بێوەیە، چەند بەسزمانە ڕەنگی تۆ
تۆ کە هاتی، هەر یەك جار دێیت..
تۆ کە هاتی، ئیتر من ناگەڕێمەوە ناو مردنە کاتیەکان
و
تۆ کە هاتی، بە ڕێزەوە، بە ڕاکشاوی ئەمبەیت و
کەچی ژیان هەر بە پێوە کەرتم ئەکا و ناشمکوژێ و
لە ڕۆژێکدا ئەو مردنی ڕەنگاوڕەنگی
هەزار جار دێ!..
ئەی ڕەنگی مەرگ
لە نوختەیەکی سەرسامدا چاوەڕێم بە!..
کوت و مت وەك سەرسامبوونی وڵاتەکەم،
لەبەردەم مێژووی چەقۆدا!..
لە نوختەیەکی سەرسامدا چاوەڕێم بە
خۆت و گۆچانە کۆنەکەت.
خۆت و نەهێنی ژێر پاڵتۆو بزەبزی چاوەکانت و
ورتەورتی پایزێك و خشەخشی گەڵاڕێزان.
خۆت و دەریایەکی تەڵخ و چرایەکی ئێجگار کزو
کەشتییەکی بێ ئارام و بەندەرێکی بێ ناونیشان!
ئەی ڕەنگی مەرگ!
ئەی ڕەنگی کپی و هێوری و خوێنی سارد و بێ
دەربەستی و
سووڕانەوەی ئەو پرسیارەی کە بەردەوام لە تەندورەو
لە گێژاوی ئەم شیعرەدا ئەمدا بەدەم نادیارەوەو
گێژم.. گێژم.. گێژم ئەکات.
چاوەڕێم بە!
ئەی ڕەنگی مەرگ
چاوەڕێم بە!
تۆ کە ڕەنگی سەرسامبوونی! من کە هاتم
لەگەڵ خۆمدا ڕەنگی بەختی شاعیر و وڵاتێکت
بۆ ئەهێنم کە نەتدیبێ و من ڕەنگێکت نیشان ئەدەم
ئەو ڕەنگەی تۆیش سەرسام بکات!

سوید/ستۆکهۆڵم/ئێنستا
٢٠٠١/٣/٧




# وەک خوێنەرێکی ئەم کتێبە

**قادر ئەلیاسی**

لەو کتێبانەی لەو ماوەیەدا خوێندوومەتەوە، ڕۆمانی "بابەلاق درێژ"بوو کە مام ئەنوەر سوڵتانپەنا لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

ئەم ڕۆمانە بە پێنووسی خاتوو جین وێبستێرە(١٩١٦ـ ١٨٧٦) کە نووسەرێکی ئامریکاییە. کتێبە، ڕۆمانێکی بە قەوارە بچووك بەڵام بە ناوەڕۆك سەنگین، شیرین و هەست بزوێنە. بۆ من کە دەستم بە خوێندنەوەی کرد، ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو، حەزم دەکرد هیچ کارێکیتر نەکەم تا بە تەواویی دەیخوێنمەوە.

وەك نرخاندنێکی سەرپێیی، دەتوانم بێژم: ئەوەندە ناوەرۆکی کتێبەکە بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، چەند ئەوەندەش زمانی وەرگێڕانەکە لەلام شیرین بوو. بۆیە حەزم کرد، وەك کتێب خوێنێك را و بۆچوونی خۆم لە سەر زمانی نووسینی وەرگێڕانی وەرگێڕ "مام ئەنوەر"، دەربڕم:

مام ئەنوەر خەڵکی سەرشیوی سەقزە. ئەو ناوچەیە بە چەند زاراوە و بن زاراوە دەورە دراوە یان باشترە بڵێم خەملێندراوە. لە گەڵ زاراوەکانی ئەردەلانی، هەورامی، کوردی خوار یان کرماشانی، موکریانی و بابانی (سلێمانی و بانە) هاوتخووبە.

ئەگەرچی مام ئەنوەری وەرگێڕ، وەك ناوچەی لە دایك بوونی لە کرمانجی سەروو نەختێك تەرەیە، بەڵام بە هۆی بەشداری لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژیانی پێشمەرگایەتی و دواتر گیرسانەوە لە دەرەوەی وڵات (ئورووپا)، لەگەڵ ئاخێورانی ئەو زاراوەیەش سووکە تێکەڵاویی و گرێدانەوەیەکی پەیدا کردووە. بۆیە لە وەرگێڕانەکەی "بابەلاق درێژ"دا، ئەنوەرخان توانیویەتی ڕەنگاڵەیەکی هەمە چەشنە لەو زاراوە و بن زاراوانە لە سەر یەك کۆکاتەوە و زمانی نووسینەکەی پێ شیرین و ڕەوان کا. بە واتایەکی دیکە، وەرگێڕ بە زمانێکی پاراو و بە دەسەڵاتێکی ڕێگەپێدراو( بە پێی شارەزایی لە زاراوەکاندا)، لەوپەڕی ڕەوانبێژیدا پێنووسی خستۆتە گەڕ و بابەلاق درێژ کە بەرهەمی ساڵی ١٩١٢ی جین وێبستێرە، ئەوەندە جوان و سادە و ساکار هێناوەتە سەر زمانی کوردی، ئەگەر ناوگەلی وەك جودی ئابووت و ... نەبایە، وامدەزانی هەر لە بنەڕەتدا بە کوردی نووسراوە.

سووکە سەرنجێك ئەگەر هەمبێ، لە هێنانی هەندێ دەستەوشەیە کە ئەویش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی کوردستان دەگۆڕدرێ. بۆ وێنە، مام ئەنوەر پرمەی پێکەنینی بەکار هێناوە بەڵام لای ئێمە پرمە لە گەڵ گریان دێ. بۆ وێنە: فڵانی بە بیستنی ئەو هەواڵە ناخۆشە، لە پرمەی گریانی دا. لە ناوچەی زەهاو و گەرمیان، بۆ دەنگی بەرز تریقەی پێکەنین و بۆ دەنگی نزم حیلکەحیلك یان فیق و هوڕی پێکەنین، بە کار دەبرێ. ئەمەش وەك ئاماژەم پێکرد، وشەگەلێکی ناوچەیین و دەکرێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر واتایان بگۆڕدرێ. ناشکوریش نەبێ، هێشتا زمانێکی یەکگرتوومان نییە تا ئەو جیاوازییانە کەم ببنەوە. بۆیە ئەم سەرنجە وەك هەڵسەنگاندنێکی سەرکەوتوو چاولێدەکەم و بە بەرزەوە وەرگێڕانەکە دەنرخێنم.

لە کۆتایی ئەم چەند دێڕەدا، وەك خوێنەرێکی ڕۆمانی "بابەلاق درێژ" دەست خۆشی لە مام ئەنوەر دەکەم و هیوادارم تەمەن درێژ و بەردەوام بێ لە نووسین و وەرگێڕاندا. داوا لە ئێوەی هێژای خوێنەری ئەم دێڕانەش دەکەم، ئەو کتێبە بە کوردی بخوێننەوە، ئەوسا دڵنیام لە گەڵ من سەبارەت بەو وەرگێڕانە هاوڕا دەبن.




# بڵاوکراوەی نوێ

پەرتووکی "ئەندێشەکانی قاسملوو لە بارەی دێموکراسی بۆ ئێرانی فرە نەتەوە" چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم پەرتووکە عەلی مونەزەمی بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی و لە لایەن کەیهان یووسفی سکرتێری یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. پەرتووکەکە باس لە ئایدیا و ئەندێشەکانی ڕێبەری مەزن، دوکتۆر قاسملوو لە مەڕ دێموکراسی بۆ ئێران و چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات.

پەرتووکی "ئەندێشەکانی قاسملوو لە بارەی دێموکراسی بۆ ئێرانی فرە نەتەوە" ، ١٤٠ لاپەڕە لە خۆ دەگرێت و لە لایەن کۆمیتەی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.





کۆمەڵگای مەدەنی و خەباتی مەدەنی،
بەرهەمی هاوبەشی "جین شارپ و رابێرت هێلوی"یە
و کاک تالب قەیسەری ئەندامی حیزبی دێموکراتی
کوردستانی ئێران، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
لەو کتێبەدا باس لە جیاوازی بیروڕا و دژایەتی نێوان
خەڵك و دامەزراوە مەدەنییەکان لەگەڵ حکومەتدا
دەکرێت و ئەویکە خەبات هاوڕێ و هاوتەمەنی
ژیانی مرۆڤایەتییە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ
دەستەبەرکردنی ژیانێکی شیاو هەردەم لە خەباتدا
بووە.
ئەم وەرگێڕانە لە خانەی موکریانی بۆ چاپ
و بڵاو کردنەوە چاپ کراوە و خراوەتە بەردەستی
خوێنەران. وێڕای دەستخۆشی لە کاک تالب
قەیسەری هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازین.

# ئەو ئەستێرانەی نەخۆشیی دەروونیان هەیە

ناوبانگ و ناسراویی و دەوڵەمەندی، زۆر جار باجی خۆی هەیە، باجەکەش هەندێك جار قورسە و دەگاتە رادەی گیان لەدەستدان، هەندێك جاریش دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین گرفت و ئاستەنگی بێ کۆتایی، ئەمەش پێوەندیی بە هێز و ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی هونەرمەندەکەوە هەیە.

بۆیە ئاساییە ئەگەر ببینین هەندێك لە هونەرمەندان مەترسی تووشبوونیان بە نەخۆشیی دەروونی لێدەکرێت و ئەگەر تووشیش نەبن ئەوا بەشێك لە میدیاکان هەواڵی تووشبوونیان بە نەخۆشیی دەروونی بڵاو دەکەنەوە، هەندێکجار هەر لە منداڵییەوە ئەستێرەکان تووشی نەخۆشیی دەروونی بوون و کاتێك ناوبانگ پەیدا دەکەن ئەوا بە باشی سەرهەڵدەدات، هەندێکی دیکەشیان دوای دەوڵەمەند بوون و ناوبانگ پەیدا کردن تووشی دەبن، هەروەها هەندێکجار هونەرمەندان زیاد لە پێویست گرنگی بە کەسایەتی خۆیان دەدەن تا دەگاتە ئاستی تووشبوون بەم نەخۆشیانە.

ئەمەی خوارەوە ناو و جۆری نەخۆشیی هەندێك لەو ئەستێرانەیە کە تووشی بوون:

١- دیمی لاڤاتۆ: تووشی نەخۆشیی (دووانە جەمسەر بووە)، هەروەها چارەسەری نەبوونی ئارەزووی خواردن و خۆ ئازاردان بەکاردەهێنێت.

٢- میل گیبسۆن: دووچاری حاڵەتێکی توندی خەمۆکی بۆتەوە.

٣- کاسرین زیتا جۆنز: تووشی نەخۆشیی تێکچوونی دووانە جەمسەر بۆتەوە.

٤- جیم کاری: بۆ ماوەیەکی زۆر حەبی پرۆزاکی دژە خەمۆکی بەکار دەهێنا.

٥- برۆك شیلدز: دوای منداڵبوون دووچاری حاڵەتێکی توندی خەمۆکی بۆوە، تەنانەت بیری لە خۆکوشتنیش کردۆتەوە.

٦- ئیما سومبسۆن: ساڵی ٢٠١٠ دانی بەوە نا کە تووشی نەخۆشیی خەمۆکی بووە بە رێژەی جیا و ئەمەشی بە کارێکی باو زانی.

٧- زیك باف: دانی بەوە نا کە دوای فیلمی (Garden State) تووشی خەمۆکی و خەمێکی زۆر بۆوە.

٨- شیرلی کرۆ: ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ماوەی شەش مانگ تووشی حاڵەتێکی توندی دڵەڕاوکێ بووە.

٩- پیتی وینتز: چەندین جار گەیشتە ئەو رادەیەی بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە لە ئەنجامی کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان.

١٠- جان کلاودیۆ ڤاندام: لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە دەرکەوت کە تووشی نەخۆشیی تێکچوونی دووانە جەمسەر بووە و تا ئێستاش کاریگەریی بەسەرییەوە هەیە.

١١- جۆن هان: لە تەمەنی ٢٠ ساڵی باوکی لە دەستدا و لەو کاتەوە تووشی دڵەڕاوکێیەکی درێژخایەن بۆتەوە.

١٢- ئاشلی جود: کتێبێکی تایبەتی نووسی دەربارەی تووش بوونی بە دڵەڕاوکێ.

١٣- دیڤید بێکهام: تووشی دوو دڵییەکی زۆر بووە و ساڵی ٢٠٠٦ دانی بەوە ناوە، ئەم نەخۆشییە ناچاری دەکات رۆژانە چەندین جار ماڵەکەی خۆی رێك بخات بۆ ئەوەی ببێتە ژوورێکی نموونەیی.

١٤- هالی بیری: دوای تەڵاقدانی یەکەم تووشی خەمۆکی بۆوە و بیری لە خۆکوشتنیش کردەوە.




## ئاشنایی لەگەڵ وێنەی سێ ڕەهەندی

مەبەست لە وێنەی سێ رەهەندی (٣ dimeension) وێنەیەکە کە دەتوانرێ لە سێ رەهەندی پانایی و بەرزایی و درێژایی بناسرێتەوە. بە واتایەکی دیکە وێنەیەك کە بتوانرێ بە هۆی دیمەنەکەیەوە، هەڵکەوتەی شتەکان لە فەزادا بە شێوەی راستەقینەتر (راستەقینە تر لە وێنەی دوو رەهەندی) ببینین، وێنەی سێ رەهەندی پێ دەوترێ.

وێنەی سێ رەهەندی بە دوو شێوەی ئانالۆگ و دیجیتاڵی دەرەتانی درووستکردنی هەیە.

وێنە سێ رەهەندییەکان کاتێ وێنا بە خۆیەوە دەگرێ کە هاوکات و بە بێ بەراوەردی شوێن و فەزا دوو وێنەی هاوشێوەی یەك بە یەکەوە پیشان دەدەرێ و وێنایەکی سێ رەهەندی لە زەینی بینەردا درووست دەکات. ئەڵبەت دەبێ ئەمەش بوترێ کە ئەم وێنانە بەتایبەتی لە سینەمادا دەبێ لە رێگەی چاویلکەی تایبەت بەم وێنانە سەیر بکرێت ئەگینا بینەر ناتوانێ وێنەکان لە زەینی خۆیدا بیچم بدات.

لە فیلمە پڕفرۆش و سەرکەوتووەکانی جیهان کە بەشێوەی سێ رەهەندی بەرهەم هاتوون دەکرێ هێما بۆ "ئاواتار" و "سەفەرەکانی گالیوێر" بکەین.

هەواڵ

### بەرهەمەکانی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی تیاتری سەرشەقامی مەریوان، دیاریکران

دوای کۆتاییهاتنی مۆڵەتی ناردنی بەرهەمەکان بۆ هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی تیاتری سەرشەقامی مەریوان، کاری لێکۆڵینەوەی پلانە شانۆییەکان لە لایەن شانۆنامەنووس و دەرهێنەری کرماشانی شەهرام کەرەمی، شانۆنامەنووس و دەرهێنەری سەقزی عەلی زەفەر قارەمانی و شانۆکار جەلال تەجەنگی دەستی پێکرد.

بەپێی راگەیاندنی بەڕێوبەری بەردوامی فێستیڤاڵەکانی تیاتریی ئێران، ئەندامانی لێژنەی هەڵبژاردنی پلانە شانۆییەکان لە شاری تاران دەبن و لە نێوان ٩٦ پلانی تیاتریدا باشترین بەرهەم هەڵدەبژێرن و بە بەڕێوبەرایەتیی فێستیڤاڵەکانی تیاتری رادەگەیەنن.

هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی تیاتری سەرشەقامی مەریوان، بە بەرپرسیاریی بەڕێوەبەری گشتیی دایرەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی پارێزگای کوردستان قوباد مەیمەنەت ئابادی، لە پاییزی ئەمساڵدا لە شاری مەریوان بەڕێوەدەچێت.

### "Man of Steel" پڕداهاتترین فیلمی ئەم هەفتەیەی ئەمریکای باکورە

فیلمی تازەی "پیاوی ئاسن" بۆ ئەم هەفتەیە لەسەر ئاستی سینەمایەکانی ئەمریکای باکور بە فیلمی پڕداهات دەستنیشانکرا ، دوای ئەوەی لەماوەی نمایشکردنیدا توانی ١١٣,١ ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.


ئەم فیلمە کە یەکێکە لە زنجیرە فیلمەکانی سوپەرمان لە دەرهێنانی "زاك شنایدەر" و پاڵەوانیەتیی هنری کافیل و ئامی ئادەمزە.

هەروەها فیلمی تازەی بەناونیشانی "ئەمە کۆتاییە" بە پلەی دووەم هات، ئەویش بە کۆکردنەوەی ٢٠,٥ ملیۆن دۆلار لەم هەفتەیەدا.

فیلمەکەش لە دەرهێنانی ئیڤان گۆلدبیرگ و سیس رۆگنە، وە جیمس فرانکو و جونا هیل و سیس روگن رۆلی پاڵەوانیەتی تێیدا دەبینن.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی رۆیتەرز فیلمی "جادوگەری بانك" پاش ئەوەی هەفتەی رابردوو لە پلەی دووەمدابوو، بۆ ئەم هەفتەیە بە کۆکردنەوەی ١٠,٣ ملیۆن دۆلار گەڕایەوە پلەی سێیەم.

فیلمەکەش لە دەرهێنانی "لویس یترير" و پاڵەوانیەتیی جیسی ئیزنبرگ و مارك روفالو یە.




بێ دوان...

# سینەمای پۆست مۆدێرن

چەمکی سینەمای پۆست مۆدێرن یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٢٢ لە لایەن پیتر وولنەوە لەمەڕ رەخنەیەك کە لە سەر فیلمی "گەرانەوەی بەتمەن" نووسیبووی هاتە ئاراوە. لەم سەردەمەدا بەشێك لە رەخنەگران ئەم چەمکەیان بۆ "نابخشودە"ی "کلینت ئیستوود"یش بەکارهێناوە. لە نێوان دیەی ٩٠ دەرهێنەرگەلێکی زۆر بوون کە بەم شێوازە لە فیلمسازی روویان هێناوە: وودی ئالێن ـ براکانی کویین ـ کویینتین تارانتینۆ ـ هال هارتلی و رەنگە لە هەمووی بەناوبانگتر جیم جارمووش بێت.


جارمووش لە دیەی ١٩٨٠ بە درووستکردنی "سەیرتر لە بەهەشت" سینەمایەکی جیاوازی بەرهەم هێنا و لە دیەی ٩٠ بە درووست کردنی فیلمگەلێك وەك "پیاوی مردوو" و "گوست داگ" بە کردەوە سینەمای پۆست مۆدێرنی گەیاندە بەرزترین ئاستی خۆی.

تایبەتمەندییەکانی سینەمای پۆست مۆدێرن

**١ـ گاڵتە:**

توخمی گاڵتە یەکێك لە گرینگترین نیشانەکانی سینەمای پۆست مۆدێرنە. وەك فیلمەکانی دیەی ٩٠ی وودی ئالێن کە لەسەر بنەمای توخمی گاڵتەیە: سێبەرەکان و تەم و مژ (هەجوی سینەمایی جنایی)، رازی جنایەتی منهەتن(هەجوی سینەمای جنایی و گنگێستری). نموونەگەلی دیکە: ئاماتۆر (هال هارتلی) هەجوی سینمایی گنگێستری و پۆرنۆگرافی.

ئێستا پرسیارێك کە دێتە گۆڕێ ئەمەیە کە توخمی گاڵتە لە فیلمە پۆست مۆدێرنەکاندا چ جیاوازیکی هەیە لەگەڵ توخمی گاڵتە لە فیلمی دەرهێنەرگەلێك وەك مێل برووکس یان زوکرها؟ بۆ تێگەیشتن لەم جیاوازیە دەتوانن "زینە ئاگرینەکان"ی مێل برووکس لەگەڵ "پیاوی مردوو"ی جارمووش بەراوەرد بکەن. هەر دووکیان سینمای وێستێرن بە گاڵتە دەگرن. بەڵام یەکەمیان تەنیا فیلمێکی کومێدیە لە کاتێکدا دووهەمی لە تەنیشت گاڵتەی سینەمایی وێستێرن (بۆ نموونە "جانی دێپ" بە پێچەوانەی هەموو ئەو کابۆیانەی کە دەیناسین لەگەڵ دەمانچەی حەوت تیر بێگانەیە و لە دەنگی فیشەك دادەچڵەکێ)، جۆر چەمکێکی جیددی و پڕنێوەرۆك دێنێتە ئاراوە.




**٢ـ گەڕانەوە بۆ فیلمەکانی دیکە:**

فیلمەکانی وودی ئالێن پڕ بوو لە گەڕانەوە بۆ خۆی(ئالێن) و گەڕانەوە بۆ جۆرەکانی دیکەی سینەما. یان بۆ نموونە فیلمی ئۆتووبانی ونبوو کە پڕە لە گەڕانەوە بۆ سوننەتی سووریالیستی و فیلمە پلە دووەکانی هالیوود.

**٣ـ گرینگی داستان:**

فیلمە پۆست مۆدێرنەکان بە پێچەوانەی فیلمە مۆدێرنەکان بە زۆری داستانییە (هەر وەك فیلمە کلاسیکەکان) بۆ نموونە فیلمەکانی "تیم بۆرتۆن" یان "براکانی کویین" کە لەواندا داستان و داستانبێژی رۆڵێکی زۆری لە فیلمەکاندا دەگێڕێ.

**٤ـ پەرەسەندنی کەلتووری و فرەچەشنی رەگەزیی بەربڵاو:**

لە فیلمەکانی جیم جارمووش زۆرجار وەها داتاگەلێك وەبەرچاو دەکەوێ.

**٥ـ پێکهێنانی مەودا لە نێوان بینەر و فیلم:**

مەودادانان وەك شێوەیەك بۆ درووستکردنی ململانێی زەینی لە سینەمای پۆست مۆدێرندا کارایی هەیە. مەبەست لە مەودا دانان، خولقاندنی دۆخی کۆمیك گاڵتەئامێز یان خەیاڵی رازاویی لە فیلمدایە. بە شێوەیەك کە وەبیر بینەر دێنێتەوە کە تەنیا خەریکی سەیرکردنی فیلمە نە زیاتر! بۆ نموونە لە "پیاوی مردوو" فیشەکێك بەر دڵی جان دێپ دەکەوێ بەڵام ئەو زیندوو دەمێنێتەوە.

# چالاکانی سیاسی لە نێوان "تۆبە" و هەڕەشە و گوڕەشەدا

ناسر ساڵحی ئەسڵ

پاش قسەکانی حەسەن ڕووحانی، لە ڕۆژی ٢٥ی پوشپەڕی ١٣٩٢ی هەتاویدا کە لە کۆبوونەوەیەکدا وتبووی: "دەبێ یارمەتی بکەین کە لە کێشەکان و جیاوازییەکان تێپەڕین و کێشەکان زۆر نەکەین یانی ئەوانەی خوازیار و ئامادەی گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵاتن ڕێگای هاتنەوەیان بۆ ئاسان بکەین، چونکە "تۆبە" بۆ هەموو کەسێکە". غوڵامحسەین موحسینی ئێژەیی وتەبێژی دەسەڵاتی دادپەروەری و دادستانی گشتیی وڵات، لە ڕێکەوتی ٣١ پووشپەڕ لە لێدوانێکی هەڕەشە و گوڕەشاویدا دەری بڕی، "کەسانێك کە لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵ ١٣٨٨ی هەتاوی لە وڵات چوونەتە دەرەوە، دەتوانن بگەڕێنەوە وڵات بەڵام هاوکات لەگەڵ گەڕانەوە بۆ وڵات دەکەونە ژێرچاوەدێری و بەدواداچوونی دادگەرییەوە". پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی خولی دەهەمی سەرکۆماری لە ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا بە هۆی ساختەکاریی و دیاریکردنی مەحموود ئەحمەدی نژاد لە لایەن باندی خامنەییەوە وەکوو سەرکۆماری دەهەم، ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی بەرینی ملیۆن کەسی خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتوو، لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێرانی لێکەوتەوە. پاش کوژران و بێسەروشوێنبوونی سەدان کەس و زیندانی کردنی هەزاران کەس و ریسوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە زیندانەکانی کەهریزەك و تەوحید و ئەوین و زیندانەکانی دیکەی ڕێژیم، بە سەدان کەس لە ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ناڕازییان کەوتنە بەر لێپرسینەوە و زیندانی کران. هەر بۆیە زۆر کەس لە چالاکانی سیاسی ومەدەنی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ دووربوون لە گیران و زیندان و گوشاری هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان ناچار بە چوونەدەرەوە لە ئێران کران. پاش سەرکەوتنی حەسەن ڕووحانی لە هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری بە پشتێوانی ریفۆرمخوازانی حکوومەتی و داروودەستەی ڕەفسەنجانی، لە هێندیك لە کۆڕوکۆبوونەوەکاندا باسی گەڕانەوەی بەشێك لە چالاکانی سیاسی کە لە دەرەوەی وڵات لایەنگری ڕووحانی بوون و دەنگیان بە ناوبراو داوە هاتە گۆڕێ. بەڵام باسی گەڕانەوەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لەگەڵ دژکردەوەی باڵی ئوسوولگەرا بەرەڕوو بووتەوە. تەنانەت باشگای هەواڵنێرانی لاوی سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیم، لە بەرنامەیەکدا ژمارەیەك لە کەسانی سیاسی و فەرهەنگی کە پاش ڕووداوەکانی ١٣٨٨ لە ئێران چوونە دەرەوە، ئەوانی بە خەیانەتکار و فیتنەگەر ناو برد. موحسین ئێژەیی کە لە کوشتار و زیندانی کردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاویدا وەك قازی دادگا دەستی باڵای هەبووە و ئێستاش ڕق و قینی سەبارەت بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی هەر لە مێشکدا ماوە و بەم هەڕەشە و گوڕەشانە لە گەڕانەوەی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی هەر چەشنە کرانەوەیەك ئاشکراتر دەکات، چونکە ڕێژیم لە هەمبەر ویست و داخوازییەکانی چالاکانی سیاسی لە ئێراندا وەڵامدەر نییە و هەربۆیە مەودا لە نێوان چالاکانی سیاسی وکاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر دەبێتەوە. بەم پێیە هێچکات ڕێژیم بیر لە ماف و داخوازییەکانی چالاکانی

> **ئاغای ئێژەیی و هاوفکرانی دەبێ ئەوە بزانن کە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی گەلانی ئێران لە ڕووی پرۆسەی سیاسی و فەرهەنگی سیاسییەوە قوناغی ترس و هەڕەشە و گوڕەشەی تێپەڕاندووە**

سیاسی و مەدەنی ناکاتەوە، چونکە تەنیا لە بیری پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وەلی فەقیە و پاراستنی ئەم سیستەمە توتالیتیرەدایە و لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە بە دژی چالاکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی سڵ ناکاتەوە. ئاغای ئێژەیی و هاوفکرانی دەبێ ئەوە بزانن کە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی گەلانی ئێران لە ڕووی پرۆسەی سیاسی و فەرهەنگی سیاسییەوە قوناغی ترس و هەڕەشە و گوڕەشەی تێپەڕاندووە، کە گەڕانەوەی بۆ دواوە زۆر ئەستەمە. ڕەنگە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی کاتی بە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی و گرتن و زیندان لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ ماوەیەك ڕاوەستێت، بەڵام هەر ڕاوەستانێك بە مانای مردن و شکست نییە، بەڵکوو وەك ژیلەمۆ، هەر کات سۆزە بایەکی لێدابێت و هەلێکی بۆ ڕەخسابێت دووبارە لە جاران بە گوڕتر سەری هەڵداوەتەوە.

پاش قسەکانی ڕووحانی چالاکانی سیاسی و تەنانەت ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتیش، کەڵك وەرگرتنی حەسەن ڕووحانی لە وشەی "تۆبە" بۆ ناڕازییان و کەسانێك کە بە هۆی گوشارەکانی هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانەوە ناچار بە چوونەدەرەوە لە ئێران کراون، لەگەڵ دژکردەوەی و ناڕەزایەتیی ئەوان ڕووبەڕوو بووە. تەنانەت ئەگەر ئاغای حەسەن ڕووحانی بیهەوێت بەڵێنییەکانی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جێبەجێ بکا، ئەوە بە هۆی بوونی کەسێك وەك وەلی فەقیە و یاسایەکی بنەڕەتی نادێموکراتیك توانای جێبەجێی کردنی بەڵێنیەکانی نییە. هەر بۆیە هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئێژەیی پێش لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی ڕووی لە حەسەن ڕووحانییە کە پێی لە بەڕەکەی خۆی زیاتر ڕانکێشێت. دەبێت ئەوەمان لە بەر چاو بێ کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئێران سەرکۆمار بڕیاردەری یەکەم نیە بەڵکوو ئەوە ڕێبەری نیزام واتا خامەنەییە کە بڕیاردەری سەرەکییە و قسەی کۆتایی دەکات. لە ڕێژیمێکدا، کە چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەگیرێن، نەتەوەکان مافیان نیە و کەمینە ئایینییەکان لە ماف و ئازادییەکانیان بێبەشن. حەسەن ڕووحانی بەم قسانە وا نیشاندەدا کە زەرفیەتی کرانەوە لە چوارچێوەی ڕێژیمدا هەیە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئێژەیی بەم هەڕەشە و گوڕەشانە نیشان دەدات کە ڕێژیم لە نێوخۆدا توانای کرانەوەی نیە، چونکە باش دەزانن هەر جۆرە کرانەوەیەك بناغەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەڵدەوەشێنێتەوە و بەرەو ڕووخانی دەبات.

کەوابوو، دوای نزیك بە ٣٤ ساڵ ئەزموون کردنی حاکمییەت و دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی ئێران و بە تایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ بەو قەناعەتە گەیشتبێتن، کە ئەگەر زۆرجار لە بەرێوبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بیستراوە کە چالاکانی مەدەنی و چالاکانی سیاسیی حیزب و ڕێکخراوەکان "تۆبە" لە کردەوەی خۆیان بکەن، ئەوە دەکەونە بەر ڕەحمەت و عفوی شایانەی ڕێبەری ڕێژیم، بەڵام پاش گەڕانەوە تووشی گرتن و ئەشکەنجە و زیندان و ئێعدام دەبنەوە. هەر بۆیە ئەزموونکردنی، ئەزموونەکان و دڵ پێخۆش کردن بەم هەراوهوریایە هیچ قازانجێکی نە بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی و نە بۆ ڕەوتی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی گەلانی ئێران هەیە.

# ئەو چەمکانەی کە دەبێ گوللەباران بکرێن

کەیهان یووسفی




ڕژێمگەلێك وەکوو کۆماری ئیسلامی بە شکاندنی پێنووسەکان و هەڵدوورینی زارەکان بە دوای نائاگا هێشتنی هاووڵاتیانی خۆیانەوەن، بەڵام ئایا هەوڵدانێکی بەم چەشنە بە پێشکەوتنی زانست و گەشەی تێکنۆلۆژی دەتوانێت کاریگەر بێت؟

هێزی چوارەمی دێموکراسی لە ئێراندا کۆرپەیەکی بەندکراو و دیلە. دەسەڵاتی ڕەشی زاڵ بە باشی ئەوی ناسیوە و لە بەهێزبوونی هەراسانە. هەر بۆیەش فەزایەکی ئەمنیتی خوڵقاندووە و کۆنترۆڵی گشت کاروبارەکانی بەدەستەوە گرتووە. هەر ڕستەیەك کە لە چوراچێوەی سنووری دیاریکراوی ئەودا نەنووسرێت، گوللەباران دەکات و هەر وتەیەکیش کە ڕووی لە ئەو بێت، لە سێدارەی دەدات.

ڕێژیمێکی تیۆکراتیك و داخراو وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە پێنووس و بیرکردنەوە تۆقیوە. ستوونی ڕۆژنامەیەك توانای ئەوەی هەیە کە بە دانانی ڕستەیەك، کۆڵەکەی سەرەکی ڕێژیم واتا ویلایەتی فەقیە تووشی قەیرانی ڕەوایی بکات. نووسینی چەمکێك وەکوو "نەتەوە" لەلایەن هاووڵاتییەکی کوردەوە هەموو ئیستیدلال، لۆژیك و هەڵسوکەوتی هەنووکەیی ڕێژیم بە پێکۆڵە دەکێشێت.

هەربۆیەشە کە ئەم ڕێژیمە فەزای داخراوی بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە، پێنووسەکانی شکاندووە، زارەکانی هەڵدووریوە، ڕۆژنامەکانی زنجیر و ڕۆژنامەوانانی لە پشت میلەکانی زیندانەوە بەند کردووە و لە یاسای ئەم ڕێژیمەدا نووسینی هەر وشە و ڕستەیەك کە لە پێناو ئازادی و عەدالەت و ماف ویستیدا بێت یان دەبێت تیرباران بکرێت و یان لە سێدارە بدرێت.

زۆرن ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە هەڵبژاردنی مەبەست و ئارمانجێك، ژیانی خۆیان بۆ مرۆڤایەتی و بەها مرۆییەکان تەرخان کردووە و دەیکەن. لە خۆبردووانێك کە لە بەرانبەر شمشێری زۆری دامودەزگاکانی دەسەڵاتدا سەر دانانوێنن و ئازادی و یەکسانی و عەدالەت لەلایان بەرزترین بەهاکانە.

لەم ڕێبازەدا قەڵەم بەدەستان و ڕۆژنامەوانانی دەروەست و باوەڕمەند بە بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەوانی لەو کەسانەن کە بە بێ پشتیوانی هیچ ناوەندێکی دەسەڵات لە وڵاتانی داخراو و دیکتاتۆر لێدراودا، بە نووسراوەکانی خۆیان دەسەڵاتی زاڵ پێکۆڵە دەکەن و ئەرکی ڕۆشنگەری بیروڕای گشتی بەڕێوە دەبەن.

ڕۆژنامەوانانێك کە بە دانانی هەواڵ و زانیاریگەلێك لە ستوونی ڕۆژنامەکانیاندا دەیانهەوێت کە لە کۆمەڵگاکانی خۆیان گۆڕانکاری دروست بکەن، گۆڕانێك کە لە ئەندێشە و فیکردا دروست ببێت، بەرەنجام و ئاسەوارەکەی لە کۆمەڵگادا زیاتر هەستی پێ دەکرێت.

بکەرانی هێزی چوارەمی دێموکراسی لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتر و تئیۆکراتیکی وەکوو کۆماری ئیسلامیدا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی بەرپرسایەتیەکەیان دەبێت تێچوویەکی قورس بدەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە وەها وڵاتانێکدا توێژی ڕۆژنامەوان و هەر کەسێك کە بیهەوێت بیاڤی گشتی دێموکراتیزە و کۆمەڵگای مەدەنی بەهێزتر بکات، ئاگایانە بۆ پێشوازی مەرگ دەڕوات، ئەشکەنجە دەکرێت، بەند دەکرێت، ناچار دەبێت وڵات بەجێ بهێڵێت و... .

ڕاپۆرتنێرانی بێ سنوور لە ڕاپۆرتێکدا کە یەکەمی گەلاوێژی ئەمساڵ بڵاو بۆتەوە، ڕایگەیاندووە کە لە سەرەتای ساڵی زایینی ٢٠١٣ەوە زیاتر لە ٧٠ بابەت هەڕەشە دژی ڕۆژنامەوان و وێبلاگنووسانی درەوەی وڵات کە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی دەروەی وڵات هاوکاری دەکەن، تۆمار کراوە.

هەموو ساڵێك ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، ئێران لە نێو پێڕستی ئەو وڵاتانەدا دادەنێن کە وەکوو جەهەننەمی ڕۆژنامەوانان ناوزەد دەکرێن. لە حاڵی حازردا ٥٢ ڕۆژنامەوانی ئێرانی لە بەنددان و ژمارەیەکی زۆریش بە ناچار وڵاتیان بە جێ هێشتووە.

بەڵام لە کوردستاندا چالاکی مافی مرۆڤی کوردستان و بەرپرسی ڕۆژنامەی "پیام مردم" هێشتا لە بەندیخانەدایە.

عەدنان حەسەنپوور هێشتا لە پشتی میلەکانی زیندانەوە تائێستاش ئیزنی ئەوەی پێ نەدراوە کە بێتە مورخەسی.

برایانی کوردپوور زیاتر لە چوارمانگە بە بێ دادگایی لە گرتووخانەدان و کۆمەڵێکی دیکە لە ڕۆژنامەوانانی کورد مەترسیی هەڕەشەیان لەسەرە و چیرۆکی ڕۆژنامەوانانی کوردی ئاوارەی ئۆرووپا و سەرگەردان لە هەرێمی باشووری کوردستانی ئیدی بمێنێت.

لە پلەبەندی ئازادیی ڕاگەیاندنەکان و بە وتەی "freedom house" خانووی ئازادی، ئێران لە نێوان ١٩٧ وڵاتی جیهاندا لە پلەی ١٩١دایە.

واتا لەم وڵاتەدا، پێنووسەکان دەبێت بکەونە خزمەتی دەسەڵات و هەر کەسیش سەرپێچی بکات مەحکوومە بەوەی کە تێچوویەکی قورس بدات.

ناوەندی ئامار و ماتماتیکی "ئاکامای" لە ڕاپۆرتی نوێی خۆیدا لە چوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ دۆخی ئینێرنێتی جیهانی تاوتوێ کردووە و لەم پلەبەندییەدا ئێران، خاوەنی خاوترین ئینتێرنێتە لە جیهان.

دۆخی نالەباری ڕۆژنامەوانانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ یاساکانانی زاڵ بە سەر ئێراندا.

# میسر لە یۆتۆپیای دوێنێ تا کەتواری ئەمڕۆ

سەلام ئیسماعیل‌پوور




ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی میسر لە زۆر بـوارەوە ڕۆژانـێـکـمـان دێنێتە پێش چـاو کە زۆرێك لە خەڵکی ئێران و بگرە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش لە دوورەدیمەنی سیاسەتی ڕۆژدا وێـنـای دەکـەن و ئـاواتـی بۆ دەخـوازن. ئەم پێشەکییە کورتە نە بە واتای پشتگیری لە توندوتیژیی ڕووت و ڕەهای نێو شەقامەکانی قاهیرە و نزیکبوونەوەی میسر لە لێواری شەڕی نێوخۆیی و نە بە واتای وێناکردنی کەشێکی دڵخوازانە لە هەلومەرجی قەیراناوی و هەستیاری زاڵ بە سـەر پێوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە، بەڵکوو بە هۆی هەنگاونانی میسر بەرەو دەربازبوون لە بەرزەخی ناڕوونییە ئیدئۆلۆژیکەکان بەرەو گۆڕەپانی ڕووبـەڕووبـوونـەوەی یاریزانانی کایەیەکی سیاسیی کەتوارخوازانەیە.

ڕاستـیـیـەکـەی ئـەوەیـە کـە کۆمـەڵگای میسر لە ماوەیەکی کورتی پاش ڕووخانی حوسنی موبارەکدا توانیی شۆکی تۆشبوون بە بناژۆخوازیی خەوتوو لە هەناوی شۆڕشدا تێپەڕێنێ و پێش ئەوەی توندڕەویی تەیار بە چەکی ئارمانجە سیاسی و ئایینییەکانەوە، بە تەواوی باڵی بەسەردا بکێشێت، کاتژمێری سیاسیی گەڕاندەوە بۆ خاڵی پاش ڕووخانی موبارەك، بەو جیاوازییەوە کە میسری ئێستا بە هۆی ئەزموونگرتنی لە دەسەڵاتی یەك ساڵەی مـوحـەمـمـەد مـۆرسـی، وێنایەکی ڕاستەقینەتری لـە پێوەندیی نـێـوان دیـن و سـیـاسـەت، دیـکـتـاتـۆری، دێـمـوکـراسـی و ئیسلامی سیاسی لـە هـەر دوو شێوازی ئیخوانی و سەلەفیدا هەیە.

لە سـەرەتـای سـەرهـەڵـدانـی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی سیاسیی نوێوە کە لە بیرۆکە و بەرهەمەکانی کەسانی وەك سەید جەماڵەدین، مـوحـەمـمـەد عـەبـدۆ، حـەسـەن بـەنـا، سەید قـوتـب و شـوێـنـکـەوتـووان و هاوبیرانیان لە وڵاتانی موسڵمانـنشیندا سەرچاوەی گرتووە، بیرۆکەی ناسراو بە "ڕاچڵەکانی ئیسلامی" و ڕێکخستنی سیاسی و کاری ڕێکخراوەیی مـۆدێـڕن لـە سـەر بـنـەمـای ئایینزایەکی هێرشبەر، پەرەخواز و سیاسەتلێدراو کە هەرگیز وەکوو هێزیکی سیاسیی زەوینیی دەستەویەخە لەگەڵ ڕاستییەکانی ڕۆژ تاقی نەکرابووەوە، بنچینەی دژایەتیی خۆی لەگەڵ سێکۆلاریزم و جیایی دین لە سیاسەت لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە سیاسەتە چەوتەکانی دیکتاتۆرە سێکۆلارەکانی ناوچە دانـابـوو و هـەر لەم سۆنگەیەوە سێکۆلاریزم، لائیسیتە و تەنانەت دێموکراسی و ئازادییە تاکەکەسییەکانیشی دەدایە بەر توانج و ڕەخنە.

ئاڵاهەڵگرانی ئەم بزاڤی بەناو "ڕاچڵەکان" و ڕابوونە، سەرەڕای ڕەخنەگرتنی بێبەزەییانە لە هەموو ڕێبازە سیاسییە مۆدێڕنەکان و قامك خستنەسەر ئەو خاڵە لاوازانەیان کە بە هۆی جێبەجێکردنی ئەم ڕێبازانەوە لە سەر عەرزی ڕەقـی سیاسەت و کـەتـواری سیاسی خۆی دەردەخست، خۆیان لانیکەم لە بەرانبەر ڕای گشتیدا بەختی ئەوەیان هەبوو کە نەدەکەوتنە بەر پلاری ڕەخنە لە سیاسەتی کردەکی و ڕابردووی سیاسییان.

هۆکاری ئەم پارێزراوییەش، داماڵراویی تیۆرییەکانیان لە واقعییەت و دەرنەکەوتنی ئاستەنگ و کەموکووڕییەکانی لە مەیدانی کردەوەدا بوو. لەبەر ئەوەی کە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و هاتنەسەرکاری کۆماری ئـیـسـلامـیـی ئـێـران، بـیـرۆکـەی ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخ هیچ جۆرە پێشینەیەکی کاری و میراتێکی جێگەی باسی لە بواری دەسـەڵاتـداریـدا نـەبـوو و هـەر ئـەم نەبوونی پاشخانی حکومەتییەش، جۆرێك بێگەردبوون و کاریزمای تێکەڵ بە وەهم و خەیاڵی بۆ ڕێکخستنەکانی ئیسلامی سیاسی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی باوەڕمـەنـد و ئایینیدا پێك هـێـنـابـوو. تـەنـانـەت مـێـژووی ڕەشی بناژۆخوازیی ئایینیی زاڵ بە سەر ئێران لە مـاوەی ئەم هەموو ساڵەشدا بەس نەبوو بۆ ئەوەی کە کۆمەڵانی باوەڕمەندی وڵاتانی موسڵمانـنشین، تینوێتییان بۆ بە دەسەڵات گەیاندنی ئایینفرۆشانی خۆ ڕێکخستوو لە وڵاتەکانیاندا بشکێت.

ئەم بابەتە لە لایەکەوە بە هۆی سیاسەتی چەواشـەکـارانـەی دەسـەڵاتـدارانـی کۆماری ئیسلامی لـەمـەڕ ڕازانـدنـەوەی دەسەڵاتی ڕەشـیـان بـە دروشـمـگـەلـی سپی بـووە و لە لایەکی دیکەوە بوونی دیکتاتۆرە سێکۆلارەکان و ڕێژیمە سەرکوتکەر نائایینییەکان لە ناوچەدا و هەروەها پشتیوانیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕێبەرانی جیهانی ئازاد لە وەها ڕێژیمگەلێك لە بەرانبەر هەڕەشەی پەرەسەندنی کۆمۆنیزمی ڕۆژهەڵاتدا، ساڵانێکی دوور و درێژ هەلی ئـەوەی بۆ گـوتـاربـێـژانـی مـیـنـبـەرەکـان و ئیدئۆلۆگە مەزهەبییەکان ڕەخساندبوو کە سێکۆلاریزم، دیکتاتۆری و دێموکراسیی ڕۆژئـاوایـی بخەنە تـای تـەرازوویـەکـەوە و هەموویان لە جێدا بە هۆکاری ڕۆژڕەشی و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی موسڵمان بناسێنن. کاتێك کە ڕاستییەکانی بواری سیـاسـەت لـەگـەڵ بانگـەشـەکـانـی ئەواندا یەکی دەگـرتـەوە، خەڵکێکی زۆر بـوون بە گوێبیست و وەرگری پەیامی ڕزگاریبەخشی! پەیامهێنەرانی "بێداری" و ڕێکخراوە ورد و درشتە سیاسی — ئایینییەکان.

ئیدئۆلۆگە ئایینییە مـۆدێـڕنـەکـان! لە گـونـجـانـدنـی دروشـمـە یۆتۆپیاییەکانی خۆیاندا لـەگـەڵ سیاسەتی ڕۆژ و حەزی بەرامبەرەکانیان سەرکەوتوو بوون و بەمجۆرە بوو کە جیهانی سەرمایەدارییان وا تێگەیاند کە ئەوان تاقە ڕێگا بۆ پێشگرتن بە پەرەسەندنی کۆمۆنیزم لە وڵاتانی موسڵمانـنشیندان. لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵات، ڕوخسارێکی دژە ئیمپریالیستیان بە خۆوە دەگرت، لە لای دیکتاتۆرەکانی زاڵ بەسەر وڵاتەکانیاندا خۆیان بە ئاڵترناتیڤێکی نەرم و نیانتر لە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان و دێموکراسیخوازە لیبراڵەکان لە قەڵەم دەدا، لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ حیزبە سێکۆلارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی هـەر ئـەو حکوومەتانەشدا خۆیان بە لایەنگری ئازادی، دادپەروەری و خەبات دژ بە ستەمکاران دەنواند و لەسەر مینبەرەکاندا بەرانبەر بە کۆمەڵانی ڕەش و ڕووت، خۆیان وەکوو ئاڵاهەڵگرانی ئیسلامی ڕزگـاریـدەری ڕاستەقینە، یەکسانیخواز و حەماسەخولقێن پێناسە دەکرد و بەمجۆرە بوو کە داوێکی دڵڕفێنیان لەسەر ڕێی کۆمەڵگا دادەنا و لە ژێر عابای فریویانەوە کۆمەڵێك وشترگاپڵینکی وەك کۆماری ئیسلامی، دێموکراسیی ئایینی، ڕووناکبیریی ئایینی، چەپی ئیسلامی و مارکسیزمی شیعی و ... سەریان هەڵێنا.

ئەم فریوکارییانە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دامودەزگای ئاییندا بە جۆرێك بنجی داکوتا کە ساڵەهای ساڵە دوو ڕوخساری دینی و دنیایی ڕێژیم لە جلی ئەوپەڕگیری و میانەڕەویی درۆییندا، شانۆی کێبڕکێیان لە نێو چوارچێوەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهدا وەڕێ خستووە، بە جۆرێك کە ڕێژیم توانیویە هەر لە نێو ئەم بەناو میانەڕەو و ئیسلاحخوازانەی خۆی، بەناو ئۆپۆزیسیۆنیکی یاسایی پێك بهێنێ کە خەڵك دەبێ بەردەوام لە بازنەی ناچاری بە هەڵبژاردن لە نێوانیاندا سەرگەردان بن و ڕێژیمیش هەر چەشنە بیرۆکەیەکی گۆڕانخوازانەی بەرەو ئاراستەی باڵی پاشەکەوتی خۆی کاناڵیزە و بێئاکام کردووە. بەڵام لە میسر، دەسەڵاتی ئیخوانولموسلمین هەر لەو میانەڕەوانە بوون کە خۆیان وەکوو لایەنگری ئیسلامی ڕەحمانی دەناساند و سەلەفییەتیان بە ئاڵترناتیڤی خۆیان دادەنا، هەر بۆیە خەڵکی میسر، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەنگیان بە ئیخوان دابوو، ئەم لایەنەیان بە ڕەوتی ئیسلامیی دڵخوازی خۆیان دەزانی. چەندین دەیە چالاکیی تەشکیلاتی ئەم ڕێکخراوەیە و بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی، ناسرییەکان و میراتگرانی ڕێککەوتننامەی کەمپ دەیڤید، پرێستیژێکی چەندقاتی پێیان بەخشیبوو، هەر بۆیە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی میسر هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا کە لە ڕێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە خۆیان بگەیەننە سەر تەختی دەسەڵات.

بەڵام هەر ئەم ئاڵاهەڵگرانەی میانەڕەوی و ئیسلامی ڕەحمانی بە تێپەڕینی ماوەیەکی کورت لە تەمەنی دەسەڵاتیان، سیاسەتیان دەسبەسەرداگرتنی قۆناغ بە قۆناغی هەموو سەنگەرەکان و یەکدەستکردنی دەسەڵات بە قازانجی خۆیان لەپێش گرت و ئاکامەکەی ئەوە بوو کە دەیان میلیۆن کەس لە خەڵکی میسر زۆر زووتر لە هاوشێوە ئێرانییەکانیان، لە فرت و فێڵی میانەڕەوە ئایینییەکان تێگەیشتن و پێش ئەوەی کە کار لە کار بترازێت، بە هاوپشتیی سوپای میسر، حکومەتی مۆرسییان ڕووخاند. ئەوەی کە ڕەنگە زیاتر لە سیاسەتەکانی ئیخوانولموسلمین لە سەردەمی دەسەڵاتداریدا، زەبری کاریگەر لە داهاتووی سیاسییان بدات، درێژەدانی سیاسەتی هەنووکەیی ئەوان پاش ڕووخانی مۆرسییە کە میسر تووشی گێژاوی توندوتیژییەکی ڕوو لە زیادبوون دەکات و ئیخوانیش لە حیزبێکی ئاڵاهەڵگری ئیسلامی ڕەحمانی و میانەڕەوی و ئاوەزمەندەوە (کە ئەو هەموو ساڵە پێی دەناسران) دەکاتە حیزبێکی جیهادی و شەڕەنگێزی وەك حەماس و حیزبوڵڵا و پرێستیژێك کە بۆ دەیان ساڵ نەك هەر لە میسر، بەڵکوو لە هەموو وڵاتانی موسڵمانـنشیندا خاوەنی بوون، بە چاو نووقاندنێك دووکەڵی بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە. ئاکامەکەشی ئەوە دەبێت کە نەك هەر گەڕانەوەیان بۆ دەسەڵات، تەنانەت لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە دژوار دەبێت، بەڵکوو بیرۆکەیەك کە بۆ دەیان ساڵ یۆتۆپیای بناژۆخوازانی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا بوو، ڕوو لە کزی و ئاوابوون دەکات، یۆتۆپیایەك کە لە نێو شەپۆلانی دەریای ڕاستییەکانی سیاسەتی میسردا وەکوو شاخە سەهۆڵێکی سەرگەردان لە توانەوەدایە.

## جووت حەوت

### هەوراز

لە کۆتایی یەکێك لە زێڕینترین خولەکانی دەسەڵاتداریی ئێراندا لە سەردەمی کوورشەوە تا ئێستا، سوڵتانی موڵکی فشە و خواوەندی فشقیاتی سیاسی، دوکتور سەید مەحموودی ئەحمەدی نژاد، شەقامی پاستۆری تارانی بەجێ هێشت و جووت حەوتی لە ئێستاوە تووشی ساردوسڕیی بازاڕی بوورسی فشە کرد.

لێرەدا وەکوو وەفایەك بۆ سیاسەتە ئابوورییەکانی مەحموود و بانکە ناوەندییەکەی و بە مەبەستی گەڕاندنەوەی دۆخی جاران بۆ بوورسی جووت حەوت، کۆمەڵێك لە وتە بە نرخەکانی مەحموود لە ٨ساڵی ڕابردوودا دەخەینە بازاڕ، بە هیوای ئەوەی کە ڕووحانی بتوانێ جێگای بەتاڵی مەحموودمان بۆ پڕ بکاتەوە.

١ـ بریتانیا دوورگەیەکی بچکۆلانەیە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا .

٢ـ خەڵك لە بیستنی ناوی دێموکراسی ڕشانەوەیان دێت.

٣ـ ئەو مەمەیە لوولوو بردی.

٤ـ بۆچی ئاوەکە دەڕژێننە جێگای دیکە؟ ئاو بڕژێننە ئەو جێگەی کە دەقرچێتەوە.

٥ـ من کەی گوتم نەوت دێنمە سەر سفرەتان؟ مەگەر نەوت خواردەمەنییە؟

٦ـ نیۆنجی تەمەنی زانایانی ناوکیی ئێمە ١٧ساڵە.

٧ـ ڕووناکبیران بە قەد کارژیلەیەکیش نازانن.

٨ـ ئەوەندە بڕیارنامە دەر بکەن هەتا بڕیارنامەدانتان کون دەبێت.

٩ـ ڕێبەرانی وڵاتانی جیهان بۆ نزیکبوونەوە لە ئێمە ڕیزیان بەستووە، وەکوو پیرەژنەکان کە لە نێو سەفدا زەنبیل دادەنێن.

١٠ـ کچێکی ١٦ ساڵان لە شیراز لە ژێرزەوینی ماڵی خۆیان، ئۆرانیۆم دەپیتێنێت.

١١ـ زەویناسێکمان هەیە کە ئەگەر سەیری زەوی بکات، دەزانێ لە چەندمیتریدا چ کانگایەکی تێدایە.

١٢ـ لە نیویۆرك کوڕێکی ٤ ساڵان بە زمانی ئیسپانی منی پێشانی دایکی دەدا و دەیگوت: "دایە! دایە! ماموت، ماموت"

١٣ـ هۆگۆچاڤێز ڕۆژێك لە گەڵ حەزرەتی عیسا و ئیمامی زەمان و پیاوچاکانی ئایینی دەگەڕێتەوە.

١٤ـ ئەگەر لە شەقامەکانی ئێراندا سەبارەت بە تەحریم لە خەڵك بپرسی، پێدەکەنن و دەڵێن:" تەحریم نەمەنە؟"

١٥ـ ئێوە ناتوانن ئاوی لووتی خۆتان بسڕن.

١٦ـ قەسابێکی بە شەرەف لە تەنیشت ماڵی ئێمەیە کە ئاگای لە هەموو کێشەکانی خەڵکە و من زانیارییە ئابوورییەکانم لەو وەر دەگرم.

١٧ـ بە پێچەوانەی بۆ چوونی هێندێك کەس، من پێم وایە ژنانی گیلانی سنووری نامووسی خۆیان دەپارێزن.

١٨ـ ئێمە ئەگەر بتوانین مووشەکەکانمان تا ٣٥ هەزار کیلۆمیتریی زەوی بنێرین، لەوە بە دواوە ئیدی "بەرەو خوارکە"یە.

# کوردستانی رۆژئاوا و رەوشێکی هەستیار

شەهاب خالیدی

جیا لە شەڕی نێوان پارتی یەکیەتیی دێموکراتیکی سووریە PYD و بەرەی ئەلنۆسرە و سەرەڕای ناکۆکیی نێوان هێندێك لە حیزب و لایەنەکانی سووریە، باسی راگەیاندنی دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەری لە کوردستانی سووریە بووەتە رۆژەڤی ئەو بەشەی کوردستان.

هەر لەو چوارچێوەیەدا هێندێك لایەنی کاریگەر و بەهێز لەو بەشەی کوردستان رەشنووسێکیان لە ٦٠ مادەدا ئامادە کردووە کە لە مادەکانی ٣، ٣١ و ٣٩ی ئەو رەشنووسەدا باس لەوە کراوە کە شاری قامیشلو پایتەختی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی رۆژئاوایە و ئەندامانی پارلمانی ئەو هەرێمەش بە پێی هەر ٢٠ هەزار کەس یەك ئەندام دەبێ و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە سەرۆکێکی ژن یان پیاو و لە بیست وەزیر پێك دێ کە لە لایەن پارلمانەوە هەڵدەبژێردرێن.

لە پێوەندی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی




ئەو رەشنووسەدا، یەکێك لە ئەندامانی سەرۆکایەتیی PYD بە ناوی ناسر حاجی مەنسوور لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەری کوردپرێس رایگەیاند: "بڕیار نەبوو کە ئەم رەشنووسە وا زوو بڵاو ببێتەوە، چونکە کاری ماوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنێك باس و راوێژ دەکەین بۆ ئەوەیکە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری رابگەیەنین".

ساڵح موسلێم هاوسەرۆکی PYD ش، پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەوان لەگەڵ هەموو لایەنەکان راوێژ دەکەن و هەر هەموویان پێکەوە کار بۆ دامەزراندنی سیستمێکی خۆبەڕێوەبردن لەو بەشەی کوردستاندا دەکەن.

بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە وەك هەمووجارێ هەڵوێست و دژکردەوەی کاربەدەستانی تورکیای بەدواوە بوو. وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا لەو پەیوەندییەدا رایگەیاند: "ئەگەر هەرێمێکی سەربەخۆی کوردی رابگەیەندرێ، ئەو کات عەرەبەکان دژایەتی PYD دەکەن و شەڕی نێوخۆیی روو دەدات کە ئەوەش دەتوانێ تاکتیکی رێژیمی بەشار ئەسەد بێ بۆ ئەوەی کە کوردەکان بە دژی ئۆپۆزیسیونی سووریە بەکار بێنێ. بۆیە ئەگەر کوردەکان هەرێمێکی وا رابگەیەنن ئەوا لایەنەکانی دیکەش پەنا بۆ کارێکی وا دەبەن".

بێگومان لە بەرانبەر ئەوە هەموو دژایەتی و پیلانە رەنگاورەنگەکانی دوژمنانی کورد، تەنیا یەکیەتی و یەکدەنگییەکەیانە کە دەتوانێ گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بە مافەکانی شاد بکات و کۆتایی بەو هەموو فرمێسك و خوێنە بێنێ کە تا ئێستا رۆڵەکانی گەلی کورد لەو بەشەدا بۆ ئازادی رشتوویانە. لە لایەکی دیکەشەوە گرتنەپێشی سیاسەتێکی سەردەمیانە و لۆژیکانە دەتوانێ نەیارانی کورد لەو بەشەدا ناچار بکات کە سیاسەتێکی دۆستانە لە بەرانبەریاندا بگرنە پێش و بەرژەوەندیی خۆیان لە دۆستایەتیکردن لەگەڵ کوردەکاندا ببینن نەك لە دوژمنایەتی کردنیاندا.

# ١٠٧ ساڵ هەوڵ و تێکۆشان بەڵام بێ ئەنجام!

شەماڵ تەرغیبی

بزووتنەوەی مەشرووتە، بزووتنەوەی مەشرووتەخوازی، بزووتنەوەی مەشرووتییەت، شۆڕشی مەشرووتە یان شۆڕشی مەشرووتیەت کۆمەڵێك دەستەواژەی ناسراو لە نێو ئەدەبیاتی سیاسی ـ ئازادیخوازانەی هاوچەرخی ئێرانن کە دەرخەری تێکۆشان و هەوڵ و رووداوگەلێکی سیاسی لە کۆمەڵگای ئێراندان و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداریی مەزەفەرەدین شای قەجەر و دواتریش محەممەدعەلی شای قەجەر کە تێیدا ویستی لابردنی حاکمییەتی سەرەڕۆیانە هاتە ئاراوە و بوو بە هۆی پێکهاتن و دامەزراندنی یەکەمین مەجلیسی شوورای میللی و پەسەندکردنی یەکەمین یاسای بنەڕەتی لە ئێراندا. بە دامەزراندنی قوتابخانەی دارۆلفنوون و ئاشنابوونی خەڵك لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکان بەرەبەرە ئەندێشە و بیری گۆڕان و پێویستیی هەبوونی یاسا و حکوومەتی یاسا لە ناخی کۆمەڵگەی ئێراندا بیچمی گرت و بە هاتنی کەسانێکی وەك حاج زەینولعابدینی مەراغەیی و عەبدولرەحیم تاڵبوف و فەتحعەلی ئاخوندزادە رۆحی مەشرووتەخوازی گیانێکی نوێی بەخۆوە گرت. ئەم رەوتە بە چاپکردنی بڵاوکراوەکانی حەبلولمەتین و حیکمەت و دواتریش مەلانەسرەدین، خێراییەکی زیاتریان بە بیری ئازادیخوازی و دژایەتیکردنی سەرەڕۆیی دا. تا ئەوەیکە رووداوی گرانبوونی قەند لە تاران و مانگرتن و ئێعترازی بازاڕیانی تاران هاتە گۆڕێ و لە ویستی درووستکردنی شوێنێك بۆ دادپەروەری (عدالت خانە)یەوە مەسەلەی دامەزراندنی پارلمان و سنووردارکردنی هێز و دەسەڵاتی شا خرایە بەرباس. ئەمەش وای کرد کە مەزەفەرەدین شا ناچار بوو لە ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی بڕیاری دامەزراندنی حکوومەتی مەشرووتە واژۆ بکات. دواتریش لە ١٤ی رەزبەری هەمان ساڵدا یەکەمین مەجلیس لە تاران دەستی بە کارەکان کرد و یاسای بنەڕەتی دارێژرا کە تێیدا کۆمەڵێك بڕیار و راسپاردەی وەك چاوەدێری کردن بە سەر بوودجە، دیاریکردنی سنوورەکان، دیاریکردنی قەرارداد و بەڵێننامەکان و ... پەسەند کران و کاریان لەسەر کرا کە ئەمە خۆشی و شادیی خەڵك



بەتایبەت مەشرووتەخوازانی بەدواوە بوو. بەڵام تەمەنی ئەم قۆناغە لە حکوومەتی مەشرووتە زۆر کەم بوو. پاش مردنی مەزەفەرەدین شا، محەممەدعەلی شای قەجەر هاتە سەرکار کە وەك مێژوونوسان باسی لێوە دەکەن تا سەر ئێسك دژی مەشرووتە و لایەنگری حاکمییەتی پاشایەتی بوو. لەسەر ئەم ئەساسەش دەبینین کە بڕیاری تۆپباران کردنی مەجلیس دەکرا و ئەو نیمچە ئازادییەی کە بە هۆی سیستمی مەشرووتە پەیدا ببوو، لەنێو چوو و ئێعدامی نەیارانی سەڵتەنەت دەستی پێکرد. کە ئەم قۆناغە لە مێژوودا بە دەورانی سەرەڕۆیی کورت (استبداد صغیر) ناوبانگی دەرکرد. تۆپباران کردنی مەجلیس کۆمەڵێك دەرەنجامی چاوەڕواننەکراوی بۆ محەممەدعەلی شا بەدواوە بوو. دوای پەلاماردانی یەکەمین پارلمان، لە چەندین شاری ئێران نارەزایەتی و شەڕ و تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە کە گرینگترینیان راپەڕینی تەورێز بە سەرپەرشتی سەتارخان، باقرخان، حەیدەرخان و عەلی مۆسیۆ، راپەڕینی گیلان بە سەرکردایەتی پەیرەم خان ئەرمەنی و محەممەدخان تۆنکابۆنی، راپەڕینی بەختیارییەکان بە رێبەرایەتیی سەم سامۆسەڵتەنە و عەلی قوڵی خان بوو. ئەم کەسانە بە کۆکردنەوەی هۆزەکانی ژێرفەرمانیان و لایەنگرانی مەشرووتە بەرەبەرە روویان لە پێتەختی ئێران کرد و توانیان لە ٢٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٢٨٨ تاران داگیر بکەن و پاش راونانی محەممەدعەلی شا، کۆتاییان بە تەمەنی "استبداد صغیر" هێنا و جارێکی دیکە لە ٢٥ی خەزەڵوەری ساڵی ١٢٨٨ مەجلیسی دووهەمیان بنیات نا. بەم شێوەیە ناوی پارلمان جارێکی دیکە خۆی خزاندە نێو ئەدەبیاتی سیاسی ئێران، بەڵام ئەوەی کە بینرا تەنیا مەجلیسێکی بێ دەسەڵات و لاواز بوو کە بە هۆی حاکمانی نەشیاو و دەستێوەردانەکانی دەوڵەتانی دیکە نەیتوانی بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی پۆزەتیڤ لە پێناو بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئێران ئەنجام بدات و لە راستیدا بەرەبەرە لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی دوور کەوتەوە. حاکمییەتی یاسا خواستێکی هەمە لایەنەی خەڵکی ئێران بوو کە وێڕای ویستی سەقامگیرکردنی نوێگەرایی لە لایەن رۆشنبیرانەوە، توخمەکانی مەشرووتەیان پێکهێنا کە هەرگیز ئەم ئامانجانە نەهاتوونەتە دی. پاش نەمانی دەسەڵاتی قەجەرەکان حکوومەتی سەڵتەنەتی رەزاخان جڵەوی کاروانی بەڕێوەبەری ئێرانی گرتە دەست کە لەم قۆناغەشدا دیسان خەڵکی ئێران نەیانتوانی بە مەبەستە سەرەکییەکانیان کە هەمان ئازادی، دادپەروەری و نوێگەرایی بوو، بگەن. بەڵام تێپەڕینی ئەم هەموو کەند و لەندە نەیانتوانی توخمە پێکهێنەرەکانی ئازادیخوازی لە ناخی گەلانی ئێراندا بخنکێنن. هەر بۆیە دیسان نارەزایەتی دەربڕینەکان و راپەڕینە جەماوەرییەکان سەریان هەڵدا و لە رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا کۆتایی بە تەمەنی حکوومەتی "سێبەری خودا لەسەر زەوی" هات و جارێکی دیکە فەزایەکی نیمچە ئازاد باڵی بە سەر وڵاتدا کێشا. بەڵام مەخابن تەمەنی ئەم قۆناغەش گەلێك کورت بوو و مێژوو سەلماندی کە هەوری رەشی سەرەڕۆیی بە بەرگێکی دیکەوە هاتەوە سەرکار.

پاش شۆڕشی ساڵی ٥٧، بە رواڵەت ئەسڵی حکوومەتی یاسا کە یەکێك لە بنەماکانی شۆڕشی مەشرووتەیە پەسەند کرا بەڵام لە حەقیقەتدا ئەم ئەسڵە تەنیا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیی باڵەکانی نیزامی دەسەڵاتدار بەتایبەتی ویلایەتی فەقیە پەسەند کرا. راستە کە کۆمەڵێك لە نیهاد و هێما سەرەتاییەکانی نوێخوازی لە ئێران، لەوانە زانکۆ، دادگوستەری، قوتابخانە، یاسای خاوەندارێتی و... دامەزرا، بەڵام بە کردەوە دەبینین کە ئەم دامەزراوگەلە ئەرکی راستەقینەی خۆیان بەجێ ناگەیەنن و ئەسڵی ئازادی و مافی چارەی خۆنوسین هەنووکەش وەك تابۆیەکی مەترسیدار سەیر دەکرێت. تابۆیەك کە بە بەردەوامی لە ماوەی ١٠٧ ساڵی رابردوودا لە لایەن چالاکانی سیاسی و دەرکەوتەکانی وڵاتەوە خەباتی بۆ کراوە و دەکرێ. بەم پێیەش ناکرێ بڵێین بە هاتنە سەرکاری حکوومەتگەلێکی دیکە جیا لە قەجەرەکان ویستی ئازادیخوازی و ئامانجەکانیان وەلانراوە، بە پێچەوانەوە کەش و دۆخی ئێستای ئێران ئەو راستییەمان پیشان دەدات کە پەیامی ئەسڵی ئازادی هەنووکەش بەشێکی گرینگ لە فەرهەنگی سیاسیی ئێرانە کە تێیدا شارۆمەند و مافی شارۆمەند پێناسەی بۆ دەکرێت. ئەگەر لە ساڵی ١٢٨٥دا سەرەڕۆیی پاشایەتی بە سەر ئێراندا زاڵ بوو، ئەوا ئێستا ئێمە لەگەڵ سەرەڕۆییەکی دینیدا بەرەوڕووین. لە لایەکی دیکەشەوە ویستەکانی گەلانی ئێران لە پانتایەکی بەرفراوانتردا هاتوونەتە گۆڕێ کە بریتین لە دێموکراسی و ئازادیخوازی، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی پاش ١٠٧ ساڵ لە خەباتی ئازادیخوازانە بۆ جیگیرکردنی سیتمێکی دێموکراتیك هێشتا بە ئەنجام نەگەیشتووە؟ هۆکاری ئەم مەسەلە و وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێ بەم شێوەیە پۆلێن بەندی بکرێت: یەکەم نەبوونی کۆدەنگی و هاودەنگی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییە ئازادیخوازەکان ـ دووهەم: ململانێی ناتەندروست لە نێوان هێزە سیاسییەکان و هەوڵدان بۆ سڕینەوە و لێدانی یەکتر ـ سێهەم: زاڵبوونی چەشنێك لە ئارمانگەرایی بە سەر لۆژیك لە نێو خەڵکدا و چوارەم: لاوازبوونی بیرگەی مێژوویی خەڵك و هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان. بە واتایەکی دیکە بە هۆی نەبوونی یەکگرتوویی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن بۆ رێکخستن و نەبوونی گوتاری هاوبەش و هێشتنەوەی کۆمەڵێك کەلێن و بۆشایی بۆ کەڵکاژۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە هەست و خولیاکانی خەڵك، رێژیمە یەك لە دوای یەکەکان بەردەوام ئەسپی خۆیان لەم گۆڕەپانە نائارامەدا تاو داوە.

# مۆتەكەی میسری ئۆردۆغان





گۆڕانكارییەكانی میسر لە ئاستی جیهاندا لەگەڵ كاردانەوەی جۆراوجۆر بەرەوڕوو بۆوە، ئەم گۆڕانكارییانە لە لایەكەوە لەگەڵ پێشوازی گەرم بەرەوڕوو بوو. بۆ وێنە حاكمانی وڵاتانی لێواری كەنداوی فارس بە دانی وامی ١٢ میلیارد دۆلاری ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆیان لەم گۆڕانانە دەربڕی و لە لایەكیترەوە وڵاتانێكی وەك ئەمریكا و باقی هاوپەیمانانی رۆژئاوایی میسریش ناڕاستەوخۆ پێشوازیان لەم دۆخە نوێیە كرد بەڵام لەهەمانكاتدا نیگەرانیی خۆیان لە داهاتووی میسریش دەربڕی. لەو نێوەدا سرنجڕاكێشترین كاردانەوە دەرحەق گۆڕانكارییەكانی ئەمدواییانەی میسر لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامتەوەری توركیەوە هاتە ئاراوە، دەوڵەتی عەدالەت و پێشكەوتنی توركیە كە هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی وەك رێبەری گۆڕانكارییەكانی ئەمدواییانەی دنیای ئیسلام بناسێنێت و بە واتایەكیتر بەدوای بڵاوكردنەوەی سیستمی سیاسیی خۆی وەك نمونەیەكی توركی بە جیهانی عەرەب بوو ،توندترین هەڵوێست و كاردانەوەی لە هەمبەر رووداوەكانی میسر لە ئاستی جیهان لەخۆی نیشان دا. توركیە بەپێچەوانەی باقی هیزە كاریگەرەكانی ناوچە ، راشكاوانەتر لە گشت وڵاتان جەختی لەسەر بەرێوەچوونی كودتایەكی سەربازی لە كۆمەڵگای میسردا كردەوە. هۆكاری ئەم هەڵوێستەی توركیە لەلایەكەوە بۆ ئەم خاڵە دەگەرێتەوە كە كۆمەڵێك لە ئەندامانی حیزبی دەسەڵاتداری توركیە، واتا عەدالەت و پێشكەوتن بەتایبەت ئەو بەشەی كە شاگردی عەبدوڵلا غەولانن، دەوڵەتی ئیخوان والموسلمینی میسر كە لە حیزبی ئازادی و پێشكەوتن پێك هاتبوو وەك برای دەوڵەتی عەدالەت و پێشكەوتنیان دەزانین و لەمڕووەوە لایان وابوو كە دەوڵەتی توركیە ئەركی پشتیوانی كردنی لەوان لەئەستۆیە. لە لایەكیترەوە دەوڵەتی ئەردۆغان سەرمایەگوزارێكی ١٠ میلیارد دۆلاری لە میسر دەس پێكردبوو و لەپاڵ ئەوەشدا وامێكی یەك میلیارد دۆلاریشی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بۆ دەوڵەتی میسر دابین كردبوو. ئێستا هەست بەوە دەكات كە رووخانی دەوڵەتی مۆرسی تەواوی خێر و خێراتەكانی بێ بایخ كردووە، تەوەرێك كە ئیمكانی هەیە ببێت بە كارتێكی فشاری دیكە لە لایەن لایەنگرانی نارەزایەتییەكانی ئەمدواییانە دژ بە دەوڵەتی توركیە لە نێوخۆ.

بەڵام هۆكاری سەرەكی و گرینگترین هۆكار لە هەمبەر كاردانەوەی توندی دەوڵەتی ئەردۆغان لەهەمبەر رووداوەكانی میسر دەبێ لە نیگەرانی حیزبی دەسەڵاتداردا لە دووپاتەبوونەوەی ئەم رووداوانە لە توركیە بزانین. ئۆردۆغان و لایەنگرانی ترسی ئەوەیان هەیە كە رووداوەكانی میسر و ئەو پەسەند كردن و دانپێدانانە ناڕاستەوخۆ و بێدەنگەی رۆژئاوا ببێت بە چرا سەوزێك و نموونەیەك بۆ ئەرتەشی توركیە كە ئەزموونێكی دوورودرێژی لە كودتا و روخاندنی دەوڵەتەكانی توركیە بە هێزی سەربازی و تۆپ و تانكدا هەیە. ترسی ئۆردۆغان لە دووبارە بوونەوەی ئەو ئەزموونە بە شێوەی میسری لە توركیەدا زۆر سەیریش نییە كاتێك دەبینین كە رووداوەكانی ئەمدواییانەی توركیە وێچوویەكی زۆری لەگەڵ رووداوەكانی میسردا هەیە و ئەگەری دووبارە بوونەوەی رووداوەكانی میسر لە توركیەدا دەدات بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت كە توركیە و گۆڕەپانی سیاسیی ئەو جیاوازیی بەرچاوی لەگەڵ میسردا هەیە كە هەر ئەم تەوەرەش ئەگەری دووبارە بوونەوەی رووداوەكانی میسر لە توركیە زیاتر دەكات.

### وێچوونەكانی رووداوەكانی میسر لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی توركیە

### - هەوڵدان بۆ گۆڕانی بنەما كۆمەڵایەتییەكان

هەم دەوڵەتی ئەردۆغان و هەم دەوڵەتی مۆرسی بەدوای یاسادانان بەپێی بۆچوونە ئایینییەكانن بۆ گۆڕینی رەوتە كۆمەڵایەتییەكانی نێو كۆمەڵگا، لە میسردا دەوڵەتی ئیخوانییەكان بەدوای هۆنینەوەی یاسای بنەڕەتی بەپێی فیقهی ئەهلی سوننەت بوو و لە توركیەش دەوڵەت بەدوای هەڵاواردنی جنسی لە لێوار و سەیرانگاكاندایە، وێچوونێك كە هێزەكانی دژبەری دەوڵەتی لەهەردوو وڵات لەسەر بنەمای روخاندنی دەسەڵات یەكگرتوو كرد.

### مێژووی دەستێوەردانی ئەرتەش لە گۆڕەپانی سیاسی

ئەرتەشی میسریش وەك ئەرتەشی توركیە یەكەیەكی سەربازییە كە خاوەن روانگەی سێكۆلارە و مافی دەستێوەردانی سەربازی لە بواری سیاسی وەك مافێكی پێدراو بۆ خۆی دەزانێت. ئەرتەشی میسر و توركیە هەردووكیان خاوەن رابردوویەكی زۆرن لە كودتای سەربازی و بە دەسەڵات گەیاندنی ژنراڵەكان لەسەر پۆستی سەركۆماری و سەرۆك وەزیراندا. هەردووكی ئەم ئۆرگانە سەربازییانە بە ئامانجی نەتەوەخوازی و سێكۆلار دەس لە كاروباری سیاسی وڵاتانی خۆیان وەردەدەن.

لە تەوەرەكانی دیكەی وێچوویی گۆڕەپانی سیاسی توركیە لەگەڵ میسر، قورسایی پێگەی رێبەرانی مێژوویی ئەو كۆمەڵگایانەیە لە سەر گۆڕانكاریەكانیان.

كۆمەڵگای میسر جەماڵ عەبدولناسری هەیە و كۆمەڵگای توركیە هەڵگری ناوی ئاتاتوركە. لە كۆمەڵگای میسردا ناوی ناسر و ئامانجەكانی هەمیشە باندۆری لەسەر گۆڕانكارییەكانی میسردا هەبوە، ئامانجەكانی ناسر بەتایبەت رچەی سێكۆلارانەی لە هێڵە سوورەكانی هێزە سەربازییەكانە بۆ سیاسەتمەدارەكان و لە كۆمەڵگای توركیەش ئاتاتورك و ئامانجە سێكۆلارەكانی و كۆمەڵێك لە روانگە ئەمنیەتییەكانی ئەو سەبارەت بە كۆمەڵێك لە ویستە نەتەوەییەكانی گەلانی نێو توركیە، هێڵی سووری هێزە سەربازییەكانە بۆ دەسەڵاتدارانی ئانكارا.

سەرەڕای ئەوانە لەهەردوو كۆمەڵگای میسر و توركیەدا، نەیاران و دژبەرانی دەسەڵات بە پشتبەستن بە مێژوویەكی كۆنی دەستێوەردانی هێزە سەربازییەكان، خوازیاری خۆهەڵقورتاندنی ئەو هێزانە لە گۆڕەپانی سیاسیدا و گرینگتر لەوە خوازیاری دەستێوەردان بۆ هەڵوەشانەوەی دەوڵەت بوون. لەهەردوو وڵاتدا، ئۆپۆزیسیۆن وەك رەزگاریدەرێكی نەتەوەیی سەیری ئەرتەش دەكەن و لە دروشمەكانی







سەرشەقام و مشتو مڕی سیاسییەكانیش داوای هاتنی تانك و هێزە سەربازییەكان بۆ نێو شەقامەكان بۆ لەنێوبردنی دەوڵەت بوونی هەیە.

- جیاوازییەكانی گۆڕەپانی سیاسیی توركیە و میسر سەرەڕای بوونی وێكچوویی سیاسیی كۆمەڵگای توركیە لەگەڵ میسر بەڵام لەنێو پانتای سیاسیی ئەمڕۆكەی توركیەدا جیاوازی زۆر زەق و بەرچاو بەدی دەكرێت لەگەڵ ئەوەی كە ئەمڕۆ لە میسر لە ئارادایە؛ جیاوازیگەلێك كە دەبێتە هۆی ئەوەی كە دووبارەبوونەوەی حەرەكەتی سەربازی لە كۆمەڵگای توركیە هاوشێوەی میسر لەگەڵ بەربەستی جیدی بەرەوڕوو بكات.

### - چاودێریی جیاواز بەسەر دەزگای ئەمنیەتی و ئاسایشدا

دەوڵەتی ئیخوانولموسلیمینی میسر دەسەڵاتێكی ئەوتۆی بەسەر دەزگای ئیتلاعات و ئاسایشی میسردا نەبوو، لە راستیدا دەوڵەتی میسر تەنیا دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا كە بە پشتبەستن بە پشتیوانی لایەنگرانی (عومەر سولەیمان) سەرۆكی دەزگای ئاسایشی میسر لەسەر كار لابەرێت و ئەوتوانایەیی نەبوو كە لەنێو كادرەكان و بەرپرسانی پلە نزمتردا گۆڕانكارییەك پێك بێنێ و زۆربەی كارمەندەكان بێ هیچ گۆڕانێك لەسەر پۆستی خۆیان مانەوە، لەلایەكی ترەوە بەشی گرینگ و هەستیاری كۆمەڵگای ئاسایشی میسر لەنێو ئەرتەش و بەرپرسانی فەرماندەیی ئەرتەشی میسر هەڵكەوتوە كە ئەوەش بە هۆی ئەوەی كە دەوڵەتی مۆرسی توانایەكی ئەوتۆی بۆ دزە كردن و باندۆر دانان لەسەر ئەم هێزانەدا نەبێت، بەڵام بە پێچەوانەی میسر، لە توركیە دەوڵەت چاودێرییەكی باشی بەسەر دەزگای ئاسایشدا هەیە، دەوڵەتی ئیسلامتەوەری توركیە توانیویە لە ماوەی ١٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتی خۆیدا، لەنێو بەشی ئاسایشی توركیە گۆڕانكاری بەرچاو پێك بێنێ تا ئەو ئاستەی كە میدیاكانی توركیە ئیدعای ئەوە دەكەن كە دەوڵەتی ئۆردوغان توانیویە تەواوی بەرپرسانی سەرەكی و نێونجی دەزگای ئاسایشی توركیە «میت» لە نێو شاگردە ئیسلامێكانی سەر بە عەبدوڵلا غەولان باوكی روحی دەوڵەتی ئۆردۆغان هەڵبژێرێت و سەرۆكی دەزگای هەواڵگری توركیە «هاكان فیدان»یش لەو هێزە ئاسایشیانەیە كە خاوەن بۆچوونی ئیسلامییە و پێوەندێكی گەرموگوڕی لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك وەزیری توركیەدا هەیە. هەر لەمڕووەوەیە ئەبینین كە بنكە ئاسایشییەكان وەك هۆكارێك بۆ چاودێری سەربازییەكان لە كۆمەڵگای خەڵكسالاری میسر رۆڵێكی یەكجار ناچالاكیان هەبوو و تەنانەت بە بێدەنگی خۆیان ورەبەخشی هیزە سەربازییەكانیش بوون، بەڵام لە توركیە ئۆرگانی هەواڵگری رۆڵێكی بەرچاوی لە چاودێری و كۆنترۆڵی هێزە سەربازییەكاندا هەبوە و تائێستا لانیكەم ناوی سەد ئەفسەری سەربازی كە بەتەمای كودتا بوون لەقاو داوە.

رەوشی ئابووری جیاواز

لە كۆمەڵگاكاندا توێژی هەژار و كرێكار لە گۆڕانكارییە سیاسییەكاندا رۆڵی كاریگەر و هەستیاریان هەیە، ئامادە بوونی كرێكاران و هەژاران لە نارەزایەتییە سیاسییەكاندا وەك وزەی سەرەكیی پرۆسەی روخانی دەسەڵاتە سیاسییەكان پێناسە دەكرێت، ئەم وزەیە لە كۆمەڵگای میسر زۆر بە باشی لەبەردەست نەیاراندا بوو، چوونكە لەماوەی یەك ساڵ دەسەڵاتدارێتیی مۆرسیدا ئەم توێژە لە لایەكەوە بێبەش لە گرینگترین سەرچاوەكانی دەرامەدی ژیانیان واتا بەشی گەشتیاری كرابوون و لەلایەكیترەوە دەوڵەت هەل و ئەزموونی پێویستی بۆ باشكردنی رەوشەكە نەبوو. بەڵام شەمەندەفەری نارەزایەتییەكانی دژبەرانی ئۆردۆغان لەم كانگا وزە بەخشە بێ بەشە چونكە ئۆردۆغان توانیویە لە ماوەی ١٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتی خۆیدا توركیە بكاتە یەكەم هێزی ئابووری لەناوچەدا و بەشێوەیەكی جیدی ئاستی هەڵاوسان و گرانی لە توركیەدا دابەزێنێ.

### بوونی جیاوازی لەنێو كەمایەتییەكاندا

دەوڵەتی ئیخوانولموسلیمین لەنێو گەورەترین كەمایەتی كۆمەڵگای میسردا یانی قیبتییەكان كە رێژەی نیزیك بە ١٥ لەسەدی كۆمەڵگا پێكدێنن، خاوەن پێگەیەكی نەرێنی و نێگێتیڤە و تەنانەت جاری وایە جێگای ترس و دووبەرەكی بووە كە ئاسەواری ئەم روانگەیە دەتوانین لە قسەكانی رێبەری قیبتییەكانی میسر لەپاش رێبەری ئەلئەزهەری میسر كە پشتوانی لە حەرەكەتی سەربازییەكان كرد ببینین. بەڵام لە توركیە دەوڵەتی ئەردۆغان تەنیا دەوڵەتێكە كە توانی لەگەڵ كەمایەتی ٢٠ لەسەدی كوردەكانی ئەو وڵاتە پێوەندییەكی باش پێك بێنێت و لەمڕووەوە پشتیوانی ئەم كەمایەتییە نەتەوەییەی لەپشتە. لەلایەكیترەوە هێزە سەربازییەكانی میسر مێژوویەكی باش لە پێوەندیان لەگەڵ قیبتییەكان هەیە، هەر بۆیەش بەشێوەیەكی نەریتی پشتیوانی ئەوانیان هەیە، ئەوە لە حاڵێكدایە كە هێزە سەربازییەكانی تورك جگە لە كوشتار و كوشت و بڕی كوردەكان هێچ شتێكیان لە خۆ بەجێ نەهێشتوە، مێژوویەك كە شانازی كردنی ئەم هێزە كە وەك بەشی سەرەكی دژایەتی لەگەڵ ئەردۆغان دێنە ئەژمار بۆتە هۆی نزیك بوونەوەی كوردەكان لە دەوڵەتی ئانكارا.

لە كۆتاییدا دەبێ ئەوە بزانین كە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی میسر لە توركیە نە زۆر نزیكە و نە دەشكرێت وەپشت گوێ بخرێت و نكۆڵی لێ بكرێت، لەڕاستیدا ئەوە شێوازی كایە و كرداری دەوڵەتی ئەردۆغانە كە دووری و نزیكی وەها پێشهاتێك هاوشێوەی میسر لە كۆمەڵگای توركیەدا نیشان دەدات.


ئۆردۆغان كارتگەلێكی وەكوو دانی مەرەخەسی یا ئازادی بە عەبدوڵلا ئۆجالان لەبەردەست دایە تا بەوشێوەیە زیاتر لە جاران كوردەكان لە پشت خۆی كۆكاتەوە و لەلایەكی دیكەوە كۆمەڵێك لە كردارەكانی وەك ناونانی كۆڵان و گەڕەكەكان بە ناوی سوڵتانەكانی عوسمانی دەتوانێت ١٢ میلیۆن عەلەوی توركیە لەخۆی دوور كاتەوە یا بە دووبارە كردنەوەی سەركوتی پۆلیس لەهەمبەر نارازییەكاندا، بەتایبەت لە ناوچە نەتەوەییەكان، دەتوانێت ببێتە هۆی گڕ گرتنەوەی سەرلەنوێی قەیرانەكانی ئەمڕۆی نێو توركیە.

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 610 ■ 6 Aug 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# ئیمپراتووری شیعری کوردی ماڵئاوایی لە ژیان کرد



شاعیری ناوداری کورد شێرکۆ بێکەس، لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوی، شێرکۆ بێکەس شاعیری ناوداری کورد، لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی سۆئید بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە، ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

شاعیری گەورەی نەتەوەکەمان مامۆستا شێرکۆ بێکەس بەهۆی نەخۆشییەوە ماوەیەك بوو لە نەخۆشخانەکانی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سۆئید لەژێر چاودێری پزیشکدا بوو.

شێرکۆ بێکەس کوڕی شاعیری کورد فایەق بێکەس، لە ساڵی ١٩٤٠ی زایینی، لە شاری سلێمانی لەدایك بووە و پاش چەندین دەیە خزمەت بە بواری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە دوای خۆی میراتێکی ئەدەبیی گەورەی پێشکەش بە کتێبخانەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرد. بەرهەمە شیعرییەکانی مامۆستای گەورە شێرکۆ بێکەس تا ئێستا بە چەندین زمانی زیندووی دونیا چاپ و بڵاو کراونەتەوە و بە یەکێ لە شاعیرە نوێخوازەکانی هاوچەرخی کورد دادەنرێت کە خاوەن ڕێچکە و قوتابخانەیەکی فیکری تایبەت بە خۆیەتی لە بواری شیعر و ئەدەبیاتدا.

## شیری دایک سوودی بۆ کۆرپە و دایک وەک یەکە



بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ، ئەو دایکانەی شیری خۆیان بە کۆرپەکانیان دەدەن ئەگەری تووشبوون بە بەرزبوونەوەی فشاری خوێنیان کەم دەبێتەوە.

لێکۆڵەران دەڵێن ئەم ئەنجامانە بەڵگەکان لەسەر ئەوە زیاد دەکات کە شیردانی سروشتی لەوانەیە سوودی بۆ دایکانیش هەبێت.

پێشتر زانراوە کە شیری دایك منداڵ دەپارێزێت لە نەخۆشییە باوەکانی وەك سکچوون و ئیلتیهابی گوێی ناوەڕاست و پێشتر توێژینەوە زانستییەکان ئاشکرایان کردبوو کە شیردانی سروشتی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە کەم دەکاتەوە و ڕێژەی کۆلیسترۆڵ دادەبەزێنێت و ئافرەتان لە نەخۆشییەکانی دڵ دەپارێزێت.

دکتۆر ئەلیسۆن ستۆبی گەورە توێژەری زانکۆی نۆرس کارۆلینا گوتی: ئەو ئافرەتانەی بە هیچ شێوەیەك شیری خۆیان نەداوەتە منداڵەکانیان ئەگەری تووشبوونیان بە بەرزبوونەوەی فشاری خوێن زیاترە لەو ئافرەتانەی شیری خۆیان دەدەنە منداڵی یەکەمیان بۆ ماوەی ٦ مانگ.

هەر بەم پێیە بە شێوەیەکی گشتی زانایان داوا دەکەن تا شەش مانگی یەکەمی تەمەن تەنیا شیری دایك بدرێتە منداڵ و دواتر ئەو شیرە لەگەڵ خۆراکدا بەردەوام بێت تا تەمەنێکی گونجاوی منداڵەکە.

## کابرایەک لە تەمەنی ١٠٨ ساڵیدا بووە خاوەن منداڵ



پیاوێکی ئێرانی کە تەمەنی ١٠٨ ساڵە، بوو بە خاوەنی منداڵێك و ریکۆردێکی تازە و دەگمەنی لە جیهاندا تۆمار کرد.

حاجی نوورئەڵڵا خەڵکی شاری قائێمشەهر لە پارێزگای مازەندەرانی ئێرانە. ناوبراو تەمەنی ١٠٨ ساڵە و خاوەنی یازدە منداڵە، بەڵام حەوتووی ڕابردوو دوا منداڵیان بوو و بەم پێیە خاوەن دوازدە منداڵە و ریکۆردێکی دەگمەنی منداڵبوون لە تەمەنی سەرووی سەدساڵی تۆمار کرد.

حاجی نوورئەڵڵا دەڵێ جوتیارە و هەموو تەمەنی خەریکی کشتوکاڵ و کاری جوتیاری بووە و دەڵێت نهێنی ساخ و سەلامەتی خۆی، لە کارکردنی بەردەوام و خواردنی سروشتی و خۆدوورگرتن لە خواردنە دەستکردەکانی ئێستا ناو دەبات. هەروەها دەشڵێت ئێستا زۆر خۆشحاڵە و هیچ شتێك نیە ببێتە هۆی نیگەرانیی ئەو و بەردەوامیش هەوڵ دەدات دوور لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بژیت.

## زایەڵە

فاتێح ساڵحی

### حەوتەمین سەرکۆمار

حەسەن ڕووحانی لە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٢ی هەتاوییەوە، پاش هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێراندا، بە شێوەیەکی فەرمی بوو بە سەرکۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەمشێوە تەمەنی ٤ساڵەی سەرکۆماریی ناوبراو دەستی پێکرد.

لای کەس شاراوە نییە کە بارودۆخی ئێستای ئێران زیاتر لە هەر دۆخێك، ئاڵۆز و قەیراناوییە. کێشەی گرانی و دارمانی کۆڵەکەکانی ئابووری وڵات، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان و جۆرێك بشێوی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا و لە هەمان کاتدا تەریککەوتنەوی ئێران لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهان و تا ڕادەیەك ناوچەکە و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان، کە لێکەوتەی نزیك بە ٣٥ ساڵ تەمەنی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامییە، سیمایەك پڕ لە کێشە و ئاڵۆزی بەخشیوە بە قەیراناویترین سەردەمی بەڕێوەبەردنی وڵات لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا و بەم پێیە، دەربازبوون لەم کێشە و قەیرانانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو داتا و ڕاستییانەی کە لەبەردەستدان کارێکی ئەستەمە.

پرۆسەیەك کە کۆمەڵگای ئێران بەرەوتەقینەوەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەبات. ڕەنگە هەر ئەم پرسانە لە نێوخۆ و دەرەوە گوشاریان بۆ ڕێبەری ڕێژیم هێنابێ کە کەسێکی بە ڕواڵەت میانەڕۆی وەك ڕووحانی قەبووڵ بکات کە ببێت بە سەرکۆماری حەوتەمی ئێران و بەمجۆرە بەشێك لە برینە حکوومەتییەکانی بۆ ماوەیەکی کاتیی سارێژ بکات.

بەڵام بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، ئەو دۆخە هەنووکەییە کە ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پێدا تێدەپەڕێ بۆ گەڕانەوە نابێت یا لانیکەم گەڕانەوە بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تێچووی قورسی بە دواوە دەبێت. هەر بۆیە هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی ڕەنگە لە کورت ماوەدا، جۆرێك لە هیوا و گەشبینی لە دڵی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و وڵاتانی جیهان زیندوو بکاتەوە بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی چییەتی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئەم هیوا و گەشبینییە زۆر ناخایەنێ و ئەم برینە کارییە قورستر لەوێکە باسی لێدەکرێ، لە داهاتوودا زیاتریش دەم دەکاتەوە و جەستەی وڵات بەرەو لاوازی تا نەمان دەبات.

ڕەنگە هەر ترس لە نێوەرۆك و چییەتی ئەم سیستمە بێت کە کاربەدەستانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بە تایبەت ئامریکا بە هاتنە سەرکاری ڕووحانی نەوەستان و پێش لە هاتنە سەرکار و هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرکاری لە هەوڵی تەنگتر کردنەوەی بازنەی گەمارۆکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامین. چون بە دڵنیاییەوە مێژووی ٣٥ ساڵەی دەسەڵاتداری ئەم ڕێژیمە پێیانی سەلماندووە کە لە نێوان ئاخووندی دوگمدا هیچ جیاوازییەك نییە.